کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٦٢ -جۆزەردانی ١٤٠٤-ژوونی ٢٠٢٥

## ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە و کۆمیتەی ئیجرایی بە پلینۆمەکانی حیزب و کۆمەڵە

لە ٣



## لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چی دەگوزەرێت؟


لە ١٠





## داخوازی یەگرتووانە و مانگرتنی هاوکات، ڕەمزی بەرەوپێشچونی بزووتنەوەی کرێکاری

لە ١١




## لە پەراوێزی زماندا؛ سنوورەکانی گوتار و مانا و دەرفەتەکانی ئەدەبیات

ن: لاوێن ئەمانی

لە ٩

## ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو

ن: سەعید ئەمانی

لە ٩

## سەروتار

### وتەکانی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە لە ناساندنی ڕاپۆرتی سیاسی بۆ پلینۆمی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

**هاوڕێیان**

ئەم شیکارییە، کە لەلایەن کۆمیتەی ئیجرایی حیزبەوە پەسەند کراوە، ڕاپۆرتێکی بێلایەن و ڕۆژنامەوانیی نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی پابەندە بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار، زەحمەتکێشان و توێژە ژێردەستەکانی کۆمەڵگەوە. لە کاتێکدا کە دەوڵەتان، حیزبەکان، هێزە سیاسییەکان، تیۆری داڕێژەرانی زیرەکیی دەستکرد و لایەنگرانی دۆخی ئێستا هەموویان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شیکاری و هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی ئێستا دەکەن و ستراتیژی خۆیان لەسەر بنەمای تێچوو و دەستکەوتەکان دادەڕێژن، ئێمەش بە مەبەستی گۆڕینی ڕیشەیی بارودۆخە نایەکسان و نادادپەروەرانەکان، و هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی بەبێ برسێتی و بێماڵی وە نەهێشتنی هەژاری، بێکاری، چەوسانەوە و شەڕ، خەبات دەکەین. ئامرازی ئێمە لەم ململانێیەدا، سۆسیالیزمی زانستیە و ستراتیژی سیاسیی خۆمان لەسەر ئەم بنەمایە داناوە. جەختکردنەوە لەسەر دوو وشەی «ئامراز» و «زانستی بوون» پێویستە. سۆسیالیزمی زانستی نە دۆگمایەک، بەڵکو پرۆسەیەکی چالاکە کە بە بەشداریی بەکۆمەڵ و ڕەخنەی بەردەوام شکڵ دەگرێت. سۆسیالیزمی زانستی، لەسەر بنەمای میتۆدی دیالێکتیکیی مارکس و ئەنگڵس، کۆمەڵگە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە دژایەتییە چینایەتییەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە شیدەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، سۆسیالیزمی زانستی دەبێت بتوانێت هاوکات

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژه ی سەروتار

هەم خاڵە لاوازەکانی سیستەمی سەرمایەداریی پێشکەوتوو ئاشکرا بکات و هەم ئامرازی نوێ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بنیاتنراو لەسەر ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی بە کا ر بهێنێت .

لێنین بە پشتبەستن بە سۆسیالیزمی زانستی، ستراتیژی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی رووسیای تزاریدا گونجاند و نیشانیدا کە تیۆری دەبێت لە کرداردا تاقیبکرێتەوە و دووبارە دابرێژرێتەوە

هەرچەندە مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا، ١٧٥ ساڵ لەمەوبەر، باسیان لە پرۆلیتاریا و بۆرژوازی وەک دوو چینی سەرەکیی کۆمەڵگە کردووە، بەڵام هەردوو چینەکە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاون و بە داتا و زانیارییەکانی ئەو سەردەمە ناتوانرێت پێگەی ئەمڕۆی ئەم دوو چینە روونبکرێتەوە. وردبینیی زانستیی کۆمەڵناسانەی بەکارهاتوو لەو بە لگە نا مە یە د ا حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لە ماوەی ئەم ١٧٥ ساڵەدا، زانستی کۆمەڵناسیی زانستیش هاوشان لەگەڵ ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا گۆڕاوە و لە هەر سەردەمێکدا وەڵامی پرسەکانی سەردەمی خۆی



داوەتەوە. چەمکەکانی وەک «پرۆلیتاریا» و «بۆرژوازی» کە لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا پێناسە کراون، بە تێپەڕبوونی کات تووشی وەرچەرخان هاتوون مارکس و ئەنگڵس لە سەدەی نۆزدەهەمدا، دژایەتیی سەرەکیی ناو کۆمەڵگەیان لەنێوان پرۆلیتاریا (کرێکارانی کرێگرتە و بێبەش لە ئامرازی بەرهەمهێنان) و بۆرژوازی (خاوەنانی سەرمایە و ئامرازی بەرهەمهێنان) پێناسە کرد. بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەم دوو چینە شێوەی ئاڵۆزتریان بەخۆوە گرتووە

ئەمڕۆ تەنها ١٥٪ی هێزی کاری جیهانی لە کەرتی پیشەسازیدا کاردەکەن، لە کاتێکدا زیاتر لە ٦٠٪ لە کەرتی خزمەتگوزاریدا چالاکن. ئەم گرووپانە، سەرەڕای جیاوازی لە شارەزاییاندا، رووبەڕووی چەوسانەوەی پێکهاتەیی دەبنەوە: مووچەی ناسەقامگیر، نەبوونی ئاسایشی کار، و سڕینەوەی بەرژەوەندیە کۆ مە ڵا یە تییە کا ن . تەنانەت کرێکارانی زانست تەوەر (وەک بەرنامەنووسان یان مامۆستایان) رووبەڕووی «پرۆلیتاری بوونەوە» دەبنەوە، چونکە قازانجی بەرهەمی کاریان لەلایەن کۆمپانیا پاوانخوازەکانەوە کێشدە کرێت

بەپێی راپۆرتی ئاکسفام، ٨٢٪ی سامانی بەرهەمهاتوو لە ساڵی ٢٠٢٣دا، چووە گیرفانی یەک لە سەدی دەوڵەمەندترین کەسانی جیهانەوە. ئۆتۆماسیۆنی کارە پیشەسازی و ئیدارییەکان، لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ساعەتەکانی کار، بێکاریی ساختاری زیاد کردووە و کرێکارانی بەرەو کارە ناراستەقینە و نافەرمی، کاتی، و کەم داهاتەکان پاڵ پێوەناوە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئێنحساری و فرەجۆر و بە نفوزی سیاسی، نەک تەنها بەسەر ئابووریدا، بەڵکو بەسەر یاسا نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکانیشدا زاڵبوون. لەلایەکی ترەوە، بۆرژوازیی مۆدێرن لە قاڵبی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، خاوەنانی تەکنەلۆژیا ئێنحساریەکان یان دامەزراوە داراییە جیها نییە کا ند ا دەرکەوتوون

ئامرازەکان، لە بەرد و دارەوە تا زیرەکیی دەستکرد، هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئاستی گەشەسەندنی مادديی مرۆڤ بوون. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نەک تەنها شێوازی بەرهەمهێنان، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانیشی گۆڕیوە. بۆ نموونە، شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم (دیجیتاڵکردن و ئۆتۆماسیۆن) بووەتە هۆی کەمبوونەوەی هەلی کار لە کەرتە سوونەتیەکان و زیادبوونی نایەکسانی. هاوکات، ئەم تەکنەلۆژیایانە دەرفەتی ڕێکخستنی نوێی کرێکارانیان (وەک سەندیکا دیجیتاڵییەکان یان بزووتنەوە نارەزایەتییە ئۆ نلاینە کا ن ) یا ن ڕەخساندووە

تەنها بە پشتبەستن بەم ڕاستییانەیە کە دەتوانرێت لە سۆسیالیزم، نە وەک ئارمانشارێک، بەڵکو وەک پرۆژەیەکی زیندوو و کرداری بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی دیفاع بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، سۆسیالیزم ناتوانێت نوسخەیەکی یەکگرتوو بێت بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک، بەڵکو دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە کولتووری، مێژوویی، تەکنەلۆژی و گەشەسەندنی سەرمایەداریی هەر کۆمەڵگەیەک، دووبارە پێناسە بکرێتەوە. گفتوگۆی ڕەخنەگرانە نەک تەنها لە بەرەی سۆسیالیزمی زانستیدا، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتە فیکرییەکانی دیکەشدا پێویستە. ئەم گفتوگۆیە نەک تەنها یارمەتی دەوڵەمەندبوونی تیۆریی ئێمە دەدات، بەڵکو دەرفەتی هاوپەیمانیی ستراتیژیش لەگەڵ بزووتنەوە پێشکە و تنخوا ز ە کا ندا دەرەخسێنێت

سۆسیالیزمی زانستی نەک وەک کۆمەڵێک دروشمی نەگۆڕ، بەڵکو دەبێت وەک پرۆژەیەکی دینامیکی و زیندوو سەیر بکرێت کە خۆی لەگەڵ ڕاستییە گۆڕاوەکانی جیهانی ئەمڕۆدا دەگونجێنێت. ئەم ڕوانگەیە، خەبات بۆ سۆسیالیزم لە چوارچێوە تەسکە ئایدیۆلۆژییەکان ڕزگار دەکات و دەیکاتە بزووتنەوەیەک کە هەم زانست بە جدی وەردەگرێت، هەم دەنگی بێبەشکراوان دەگەیەنێت و هەم ئامادەی ڕەخنەگرتن لە خۆی و چاککردنی هەڵەکانە. تەنها لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بگەین کە نەک تەنها پێکهاتە ئابوورییەکان، بەڵکو پەیوەندییە مرۆییەکانیش بگۆڕێت. تێگەیشتن لەم ڕاستییە سادانەیە کە ئێمە لە دەمارگیری و دۆگماتیزم دوور دەخاتەوە. کورت بینی جێی خۆی دەدات بە جیهانبینی. ئاشق و دیلی دیدگا و بۆچوونەکانی خۆمان نابین، بەڵکو لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەشیان پێدەکەین و بە دڵفراوانییەوە و بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی باشتر، مشتومڕیان لەسەر دەکەین

ئەو ڕاپۆرتە سیاسییەی لەبەردەستتاندایە، هەوڵی داوە ئامرازێکی لەم شێوەیە بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی ئێران و جیهان بەکاربهێنێت. ئەم ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەردەوامانە دەبەستێت کە هەموویان ڕوویان لە گۆڕینی جیهانی ئەمڕۆیە. ئەم ڕاپۆرتە دەڵێت کە ئەمڕۆ خەبات تەنها لە کارگەکاندا نییە، بەڵکو لە بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بێگومان لە سەرووی هەموویانەوە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا خۆی دەنوێنێت

****

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە و کۆمیتەی ئیجرایی بە پلینۆمەکانی حیزب و کۆمەڵە

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گوڵانی ١٤٠٤

کۆمەڵگەی ئێران لە ڕێڕەوی گۆڕانکاریدا

بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک فاکتی حاشا هەڵنەگر، هەموو لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە کۆمەڵگای ئێران لە ڕێڕەوی گۆڕانکاری سیاسی گرنگدایە. دۆخێکی کە تەنانەت بەراورد ناکرێ بە یەک دووساڵی ڕابردوو. دۆخەکە، هەم لە سەرەوە (بازنەی دەسەڵات) و هەم لە خوارەوە (جەماوەری خەڵک) و هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دووانەدا زۆر گۆڕاوە. هەرچەندە ئەوانەی خوارەوە نیشانیانداوە کە ئەم حکومەتەیان ناوێت، بەڵام ئەوانەی سەرەوە هێشتا دەتوانن بە پشتبەستن بە سەرکوت حوکمڕانی بکەن. بۆ بەدەستهێنانی هەڵسەنگاندنێکی واقیعی، زۆر گرنگە هەر سێ هۆکارەکەی سەرەوە لەبەرچاو بگیرێت

**یەکەم: زەمینەکانی گۆڕان لەسەرەوە، واتە لەنێو (بازنەی دەسەڵاتدا**

١- کەلێنە سیاسییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران لەسەر بنەمای ستراتیژی جیاواز بۆ مانەوە، لەسەروبەندی دروستبووندایە. تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی، لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان (شەڕی غەززە، شکستی حزبوڵڵای لوبنان، ڕووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە سووریا، لەناوچوونی تۆڕە بەوەکالەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و گەمارۆ ئابوورییە وێرانکەرەکان و سیاسەتی گوشاری هەرەزۆری ئەمریکا) و هەروەها نارەزایەتی و ئاخێز و خەباتی جەماوەری لە ناوخۆدا، بە توندی لاواز بووە. لە بارودۆخی ئێستادا چوار گرووپ بە پێگە و بەرژەوەندیی جیاوازەوە لەناو ڕژێمدا بەدی دەکرێن

**گرووپی یەکەم:** دەزگای فەرمیی ڕژێم، کە پێکدێت لە: ویلایەتی فەقیە و بەیتی ڕێبەری، سوپای پاسداران، ئەرتەش و هێزە ئینتیزامییەکان، پەرلەمان و کابینە و سەرۆک کۆمار و هەروەها زیندانەکان و دام دەزگا ئەمنییەکان. هەموو ئەمانە لە دەوری ویلایەتی فەقیە کە بە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییەوە خۆی هەڵواسیوە و پەلەقاژەی پاراستنی پێگەی خۆیەتی، کۆبوونەتەوە. ئەم گرووپە لە بارودۆخێکدا حوکمڕانی دەکات کە بناغەی دەزگای سیاسی و سەربازیی ڕژێم و ڕێکخستنە ناوخۆییەکەی لەسەر بنەمای دروشمگەلێک بنیاتنراون، کە ئێستا چیتر ناتوانێت بەرگرییان لێبکات. ئەم گرووپە هەوڵ دەدات بە هەموارکردنی سیاسەتەکانی ڕابردوو، یان بە مانۆڕی سیاسی و دیپلۆماسی، بەکارهێنانی ئیسلاحخوازانی حکومەتی وەک ئامرازێک، پاشەکشە لە کێشەکانی تایبەت بە ژنان، گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا و جێگرتنەوەی سیاسەتی 'ئاشتیی حەسەنی' بەجێگەی 'شەهادەتخوازیی حوسێنی' و هتد... مانەوەی خۆی تا ڕادەیەک درێژتر بکاتەوە. پێگەی ئەم گرووپە بە توندی لەرزۆک بووە. هەر ئێستا ڕەخنەگرتن لە خامنەیی و ئەوەی کە ئەو بەرپرسیاری نالەبارییەکانی **٣٠** ساڵی ڕابردووە، درزی کردووەتە ناو ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە سێبەرانەی کە لە ناوخۆی وڵاتدا بەرنامە ئامادە دەکەن. لە هەمان کاتدا، لە سەرنجێکی ڕاستەقینەدا دەردەکەوێت کە ئەم پێکهاتەی ئەو گرووپە، لە هەمانکاتدا کە بە گشتی خاوەن جێگە و پێگەیەکی یەکسانن، بەڵام لە یەکدەست نین. بۆ نموونە جیاوازییەکانی نێوان حکوومەتی ڕەئیسی و پزیشکیان، یان قالیباف لەگەڵ هەردووکیان و گەلێک نموونەی تر

**گرووپی دووەم:** ئۆلیگارشیی ئابووری: گرووپێکن کە هاوکات لەگەڵ پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران، کۆنترۆڵی زیاتر لە ٧٠٪ی ئابووریی ئێرانیشیان بەدەستەوەیە. تۆڕە خێزانییەکان و یان بازنە نزیکەکان لە بڕیاردەرانی سیاسی، بەشی زۆری ئەم گرووپە پێکدێنن. قاچاخچییانی سەر بە ناوەندەکانی دەسەڵات، لەناو ئەم گرووپەدان. لەوانە (قاچاخی دراو، سووتەمەنی، یان کاڵا گەمارۆلەسەرەکان و ...) ئەندامانی ئەم گرووپە بە زۆری پێکدێن لە تەکنۆکراتەکان، بەڕێوەبەرانی ڕاهێنراوی زانکۆ بەناوبانگەکانی ئێران و جیهان. ئەم گرووپە لە بوارەکانی نەوت، گاز، کانزاکان، بیناسازی، بەشی پێوەندییەکان، بانکداری و وزەدا، چالاکیی بەرفراوانیان هەیە. هاوکات بە شێوەیەکی قۆرخکاری دەستیان بە سەرچاوە و پڕۆژە حکومییەکان ڕادەگات. ئەم گرووپە بە دانانی کاریگەری لەسەر ئاستە باڵاکانی دامەزراوە دادوەری و ئەمنییەکان، ڕێگری دەکات لە لێپرسینەوە یان شەفافییەت سەبارەت بە چالاکییە ئابوورییەکانیان. ئەوان سوود لە بودجەی دەوڵەتی، زەوی هەرزانبایی، یان لێخۆشبوونە باجییەکان وەردەگرن. ئەوان بەکردەوە کێبڕکێی ئابووری کەمدەکەنەوە و گەندەڵیی دارایی پەرەپێدەدەن. ئەم گرووپە سەروەت و سامانێکی ئەوتۆیان لەبەردەستدایە کە هەرگیز نایکەنە قوربانیی وەهمە ئایدیۆلۆژییەکانی "ئیمام زەمانی"ی خامنەیی. ئاساییە ئەگەر ئەم گرووپە لە بارودۆخی ئێستادا کە پێگەی گرووپی یەکەم بە لەرزۆک دەبینن، بیر لە چارەسەرێک بکەنەوە. هەوڵ دەدەن بەربەستی ئایدیۆلۆژی تێپەڕێنن و پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتی هەر ئەم ڕێژیمە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بنیاتبنێنەوە. ئەم گرووپە بزوێنەری ڕەوتی گۆڕینی ڕژێمن لە سەرەوە. (لەوانەیە وەک بەراوردێکی دوور لە یەک (قیاس مع الفارق) بتوانرێت بە بارودۆخی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بشوبهێنرێت)

**گرووپی سێیەم:** بە باڵی پایداری یان بناژۆخوازە (ئوسولگەرا) توندڕەوەکان ناسراون. ئەم گرووپە دژی هەر جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ ڕۆژئاوادان. جەخت لەسەر بەهێزکردنی گوتاری «بەرگری» (موقاوەمەت) لە ناوخۆ و دەرەوە دەکەنەوە. لە سەرەوە دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە کەسایەتییەکانی وەک سەعید جەلیلی و حوسێن شەریعەتمەداری، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کەیهان، وەک ڕێکخەری ئەم گرووپە. ئەم گرووپە بە گشتی لە دژایەتی لەگەڵ باڵە میانڕەو یان ئیسلاحخوازەکاندایە و لەلایەن بەشێک لە دامەزراوە سەربازی-ئەمنییەکان و ئاخوندە نەریتییەکانەوە پشتیوانی دەکرێت. ئەم گرووپە هەرچەندە خۆی بە وەفادار بە ڕێبازی ڕێبەری دەزانێت و لەم ڕێگەیەوە لەناو لایەنگرانی ڕژێمدا شەرعییەت بۆ خۆی وەردەگرێت، بەڵام نیگەرانی سازشەکانی ڕێبەریشە. کەسانی خوارەوەی ئەم گرووپە لە بانگخواز و مەدحکاران، سەردەستەی سینەکوتان و کەسانی دەمارگیری ئایینیی دژە ژن پێکدێن، کە وەک مشەخۆر هەم بە باشی تێرکراون و هەم تەیار بە چەکوچۆڵ. لەم دواییانەدا کەناڵی تەلەفزیۆنیشیان کردووەتەوە و سەبارەت بە ڕیزەکانی خۆیان لەم ڕێگەیەوە تەبلیغ و بانگەشە دەکەن. ئەم گرووپە ستراتیژێکی ڕوونیان نییە بۆ مانەوە و پێناچێت لە داهاتوودا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گواستنەوەی دەسەڵات لە سەرەوە هەبێت. بەڵام بەردەوام دەبن لە دروستکردنی گرفت لە ڕیزبەندی گروپەکانی تر

**گرووپی چوارەم:**

ئیسلاحخوازانی حکوومەتی یان دەرکراوان لە دەسەڵاتن. هەمووان ئاشنان بە کارکردی ئەم گرووپە، لە ساڵانی دەیەی ٧٠ و دەیەی ٨٠ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا ڕۆڵیان گێڕا و بزووتنەوەی سەوز لەلایەن ئەم گرووپەوە ڕێبەریی کرا. ڕۆڵی ئەوان بریتی بووە لە ڕزگارکردنی تەواوەتیی ڕژێم لە قۆناغە هەستیار و قەیراناوییەکاندا. کەسایەتییە دیارەکانیان بریتین لە میر حوسێن مووسەوی و محەممەد خاتەمی و کەسانی سەر بە حیزبی موشارەکەتی شۆڕشی ئیسلامی. ئەوان لە ڕابردوودا خاوەنی بنکەیەکی جەماوەریی تا ڕادەیەک بەهێز بوون، بەڵام وردە وردە بێتواناییان لە کاریگەریدانان لەسەر دۆخی نالەباری خەڵک و لە کردنەوەی کەشی سیاسیی ئێراندا ئاشکرا بوو. لە ڕاپەڕینی جەماوەریی زستانی ساڵی ١٣٩٦دا بە دروشمی جەماوەریی "ئیسلاح تەڵەب ، ئوسولگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا"، ڕۆڵی تاکتیکیی ئەوانیش کەمتر بووەوە. ئەمانە لەوانەیە لە سەردەمی ئەگەری گۆڕینی دەسەڵات لە سەرەوە، لە پەراوێزی گرووپی دووەمدا پێگەیەک بۆخۆیان بەدەستبهێنن. ڕۆڵی سەرەکی ئەوان وەک هێزێکی یەدەگ، بریتییە لە ستۆپکردنی (ڕاگرتنی) شۆڕش. (لەوانەیە بتوانرێت لەگەڵ ڕۆڵی جبهەی میللی و نێهزەتی ئازادی لە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧دا بەراورد بکرێن). لە ڕاستیدا ئەوان لە هاوکێشەکانی داهاتوودا، کاری گرووپی دووەم ئاسانتر دەکەنەوە

**ڕۆڵی ئەمریکا لە گۆڕینی هاوکێشەکانی هێز لە ئێراندا**

**١) یەکەم:** ئێران لە ڕوانگەی ئەمریکاوە و لە ڕاستیشدا، لە پێگەیەکی ژێئۆپۆلێتیکی هەستیاری جیهاندایە. ئەمەش وایکردووە ببێتە چەقی پێشهاتە ناوچەیی و جیهانییەکان لە کێبڕکێی نێوان زلهێزەکاندا. هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئێرانی کردووە بە پردێک لە نێوان ئاسیا و ئووروپا. کۆنترۆڵی گەرووی هورموزی لەدەستدایە کە یەکێکە لە گرنگترین ڕێڕەوەکانی وزە لە جیهاندا و خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوت و غازی سروشتییە. هاوبەشی سنووری لەگەڵ ١٥ وڵاتدا وایکردووە کە ببێتە خاڵێکی سەرەکی بۆ ترانزێتی وزە و بازرگانی. هەر ڕژێمێک کە لە ئێران لەسەر کار بێت، بە هۆی ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییەوە دەبێتە یاریزانێکی سەرەکی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا. **دووەم:** ئێران لە دوای کودەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ەوە تا شۆڕشی ١٣٥٧، لە جوگرافیای نفووزی ئەمریکادا بووە و لە شۆڕشی ١٣٥٧یشدا، بە هۆی نیگەرانییەکان لە نفووز و کاریگەریی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران، بە یارمەتی ئەرتەشی دەستپەروەردەی ئەمریکا ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینییان خۆشکرد. **سێیەم:** کۆمەڵگای ئێران، لە ڕووی فەرهەنگ و شێوازی ژیانەوە، هەرگیز شێوە ژیان و نەریتی ئیسلامییان قبوڵ نەکردووە و بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە خۆڕاگریی کردووە. ئەوەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوام وەک هێرشی کولتووری ڕۆژئاوا ناوبراوە، لەڕاستیدا نیشانەی هەر ئەم خۆڕاگرییە بووە. **چوارەم:** دەوڵەتی ئەمریکا بەهۆی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خۆی، نایەوێت ئێران بچێتە قۆناغێکی درێژخایەنی ناسەقامگیرییەوە. بۆیە لەم قۆناغە ئینتقالییەدا بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕێت کە بتوانێت دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ئێران بکات بە هاوبەشێکی ئەمریکا لە دابەشکارییەکانی ناوچەکەدا

**٢)** بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاماژەی پێکرا، دانوستان لەسەر پڕۆژەی ئەتۆمی، تاکە ئامرازە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران لەو پێگەی ئێستایەوە بۆ پێگەیەکی کە خوازراوی ئەمریکایە. پڕۆژەی ئەتۆمی لە هەمانکاتدا کە گرنگییەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام لە چەقی سەرنجی ئەمریکادا نییە. ئامانجی ئەمریکا لە گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی، زیاتر سیاسییە تا ئابووری. دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێت لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئەم پڕۆسەیەدا، کۆماری ئیسلامی دەست لە دژایەتیی ئەمریکا هەڵبگرێت و ببێتە هاوکاری ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لەم پەیوەندییەدا ڕۆڵێکی هاوشێوەی تورکیا،

درێژە لە لاپەڕەی ٤

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٢ -جوزەدرانی ١٤٠٤ - ژوونی ٢٠٢٥

پێشڕەو

درێژە ی لاپەڕەی ٣

سعوودیە، ئیمارات و هتد، پەیدا بکات. ئەو وڵاتانەش سەرەڕای ئەوەی کە هاوپەیمانی ئەمریکان، لەگەڵ چین و ڕووسیە و یەکێتیی ئەورووپاشدا پەیوەندییان هەیە. ئەمریکا پشکی ئێرانیش لە دابەشکارییە ناوچەییەکاندا بە فەرمی دەناسێت. **ترامپ جەوهەری ئەم ئاراستەیەی، لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا بەم شێوەیە گەڵاڵە کرد: «ئاشتی پایەدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئێران»**

سیناریۆی گۆڕانکاری لە سەرەوە

کۆماری ئیسلامی لە ئاستی باڵای بازنەی دەسەڵاتدا و بەو گرووپبەندییانەی کە ئاماژەی پێکرا، بە ئەگەرێکی زۆر بەهێزەوە لە قۆناغێکی وەرچەرخان یان ئینتیقالی دایە. ئەگەرچی ئەم ڕژێمە ڕەنگە بە پشت بەستن بە میکانیزمی سەرکوت، مەودایەکی تر بتوانێت خۆی ڕابگرێت، بەڵام ناتوانێت شکست و ناکامی و پاشەکشە یەک لە دوای یەکەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بەبێ تێچوون تێپەڕ بکات و تێچووەکەش بە ئەگەرێکی زۆر، لە کورتخایەندا بریتی دەبێت لە گۆڕینی ڕووخسارەکان و لە درێژماوەشدا ڕووخانێکی شۆڕشگێڕانە. لە هەمان کاتدا نابێ ڕوودانی قەیرانێکی چاوەڕواننەکراوی وەک شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ ئیسرائیل کە ئەمریکاش ڕابکێشێتە ناو ئەو شەڕە و هەروەها کودەتایەکی ناوخۆیی و مەرگی خامنەیی و هتد، لەبەرچاو نەگیرێن

ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی کۆماری ئیسلامی

کۆمەڵێکی زۆر لە گرووپە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاست بە بەرنامە و ستراتیژی جیاواز، لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕیزیان بەستووە. هێزە ڕاسترەوەکان کە بە پلەی یەکەم بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، پشت بە گۆڕانکاری لە سەرەوە یان دەستێوەردانی ئەمریکا دەبەستن، پەرش و بڵاو و ناتەبان. ئەم ئۆپۆزسیۆنە لە هەمانکاتدا کە توانایی تەبلیغی تاڕادەیەک بەربڵاوی هەیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر بیرورای گشتی، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە وەک بەدیلێک بۆ کۆماری ئیسلامی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت. ئەم گرووپانە لەبری پشت بەستن بە هێزی ڕاستەوخۆی جەماوەر، تۆوی گەشبینی بە دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکییەکان دەچێنن و کۆمەڵگا لە حاڵەتێکی دەست لەسەر دەستدانان و چاوەڕوانیدا ڕادەگرن. ئەم دەستێوەردانانە لە سەرەوە، بەبێ کاریگەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکانی هەڵگری داواکارییە ڕوون و ڕادیکاڵەکان، تەنانەت ئەگەریش ببێتە هۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری سیناریۆی وەک عێراق، لیبی و هتد. دێتەئاراوە. جۆرێک لە گۆڕانکاریی کە تێیدا تەنها ڕووخسارەکان دەگۆڕدرێن و سیاسەت و جیاکاری و نادادپەروەرییەکان هەروا لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. ئەم فۆرمە لە گۆڕانکاری، لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نەک هەر ئازادی و ژیانێکی باشتری لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو کوشتن و وێرانکاری و ئاوارەبوونی بەدواوە بووە. لەم پێوەندییەدا دەوڵەتی ئەمریکا بۆ داهاتووی ئێران هیچ حسابێکی بۆ نەکردووە و بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی باڵەکانی ناوخۆی ڕێژیمدا بەدوای بەدیلێکی خوازراودا دەگەڕێت. لە هەمان کاتدا پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەم گرووپانەش لە ئاستی ڕێکخراوە ئەمنییەکاندا، دەپارێزێت، کە ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی جۆرێک لە گەشبینی ساویلکانەیان. **بەڵام لە ئەگەری گۆڕانکاری لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا، حیزبە سیاسییە کۆنەپارێزەکانی کوردستان لە پێگەیەکی جیاوازتردا خۆیان دەبیننەوە، کە لەم پێوەندییەدا ئەگەری ئەم سیناریۆیانەی خوارەوە چاوەڕوان دەکرێت**

**١)** لە ئەگەری گۆڕانکاری لە ناوەند و لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی و هەروەها نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەریی لە کوردستان و ئێران، بە پشت بەستن بە هێزی چەکدار، هەوڵدەدەن پێگەیەکی کەم و زۆر هاوشێوەی ڕۆژئاوا وەک ئەوەی کە لە سەردەمی دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە سووریە ڕوویدا، بەدەست بهێنن

**٢)** هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی سنووردار بۆ حزووری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە کوردستان. لێدوانەکانی ئەم دواییەی وتەبێژی حیزبی دێموکرات شوێنپێی ئەم سیناریۆیە نیشان دەدات. ئەو گرووپانەی کە لە چوارچێوەی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان"دا بوون، لە دۆخێکدا کە هاوسەنگی هێز زۆر بە زیانی بزووتنەوەی کوردستان بوو، ڕێبەرانی ئەم ناوەندە لەگەڵ کەسانێکی بێناو و نیشانی کۆماری ئیسلامی لە ئۆسلۆ چوونە پای مێزی گفتوگۆ و دژایەتی سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم نموونەیە و حاڵەتە هاوشێوەکانی، ئاماژەن بۆ بوونی ئەمجۆرە پۆتانسێلە لەم ڕەوتەدا. پێکهێنا نیها و پە یما نیلە گە ڵ ڕاسترەوترین باڵی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە نابێ ئەم ناسەقامگیری و لە دەرگای ئەم و ئەو دانی ئەم ڕەوتە لە کات و ساتە هەستیارە سیاسییەکاندا لەبەرچاو نەگیرێت

**دووەم: زەمینە بابەتییەکانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە خوارەوە**

ئاستی ژیانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵک خراپتر بووە. هەژاری و بێکاری و زیانە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پەرەی سەندووە. هاوکات لە درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان بە بەراورد بە ڕابردوو سەریان هەڵداوە. ویست و داواکارییەکانی چینی کرێکار و چین و توێژە نارازییەکان بە هۆی هەڵسوکەوتی سەرکوتگەرانەی ڕێژیمەوە بە سیاسی دەبن و ئاڵنگاری جیددی بۆ حکوومەت دروست دەکەن. بەم مانایە قەیرانی سیاسیی ڕێژیم لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دۆخی ئابووری و بژێوی خەڵکەوە هەیە. نەهامەتی ئابووری، گەندەڵی دارایی و حکوومی، نزمیی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری، بێ ئاسۆیی گەنجان، هەژاریی لەڕادەبەدەر و کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، لە هەموو شوێنێک ناوەڕۆکی سەرەکی قەیران و داواکاریی جەماوەری نارازی پێکدەهێنن. جگە لە هەموو ئەمانە، قەیرانی ئاو و کارەبا و ژێرخانی وێرانیش لەوێ بوێستێت. دۆخێکی کە خودی حکوومەت بە کردەوە تووشی دەستەوەستانی و سەرلێشێواوی کردووە. لەمڕووەوە جەماوەری بەشدار لەم ئاخێزانە، بریتین لە بێبەشترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەوانە: بێکاران، کرێکاران، موعەلیمان، پەرستاران، چین و توێژە کەمداهاتەکان و دانیشتووانی پەراوێزی شارەکان. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ئەگەر گۆڕانکاری لە ئاستە باڵاکانی ڕژێمدا دوور لە چاوەڕوانی نییە، ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاش لەبەردەم دەقینەوەدایە. هیچ نیشانەیەک لە ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە بەرچاو ناکەوێت. تایبەتمەندی ئێستای کۆمەڵگای ئێران، بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، موعەلیمان، خوێندکاران، دادخوازان، پەرستاران، خانەنشینان، بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و بزووتنەوەی ژنانە. بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لە قوڵایی ئەم کۆمەڵگایەدا دەگوزەرێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ زەمینە **بابەتییەکانی ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوە ڕاستەقینەکان**

**١) ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی**

ئەم جووڵانەوەیە، بە شۆڕش ناوببەین یان ئاخێزی شۆڕشگێڕانە یان هەر ناوێکی تر، خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێراندا. ئەم بزووتنەوەیە درێژترین بزووتنەوە بوو کە شێوازی ئامادەبوونی خۆی لە شەقامەکاندا پاراست. بۆ ماوەی ٣ مانگ لە زیاتر لە ١٥٠ شاری ئێران ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان پەرەیان سەند لە ماوەی ٤٦ ساڵی دەسەڵاتداریێتیی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، چەندین ڕاپەڕین ڕوویانداوە. ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٣٩٦ هەنگاوێکی بنەڕەتی بوو لە وشیاری و ناسینی جەماوەری خەڵک سەبارەت بەم ڕژێمە. سندوقی دەنگدان، چاکسازیی ڕژێم و وەهمەکانی تر ڕەنگی خۆیان لەدەستدا، لە ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ١٣٩٨دا شێوازی وشیارانەتری تاکتیک و ڕێکخستنی جەماوەریمان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمدا بینی. بەڵام ئەوەی لە ساڵی ١٤٠١، لە شۆڕشی ژینادا بینیمان، پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ئیسپاتی بوو کە کورتکراوەکەی لە دروشمی 'ژن، ژیان، ئازادی'دا، پەسەندێتیی کۆمەڵایەتیی بەدەستهێنا

وەک یەکێک لە دەستکەوتەکانی وەدیهاتنی ڕێژەیی ئەم بەرنامەیە، بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین کە شۆڕشێکی کولتووری لە زهنییەتی کۆمەڵگادا ڕوویداوە. پرسی جیاکاریی سیستەماتیکی ئایینی دژی ژنان، مافی تەڵاق، ئازادیی جلوبەرگ، ئازادیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان و بەرگری لە مافی پەلکەزێڕینەکان، هەموو ئەمانە بوونەتە گوشارێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی. قەبارەی بەربڵاوی ئەو بەرهەمە ئەدەبی، سینەمایی، هونەری و کولتوورییانەی کە لەم ماوەیەدا لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرهەم هاتوون، لە زومرەی دەرەنجامە سەرەتاییەکانی ئەم شۆڕشە کولتوورییەن. سەرەڕای ئەوەش، بەدوای هێوربوونەوەی بزووتنەوەکە لەسەر شەقامەکان، بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان بە خێرایی و توانایەکی زیاترەوە کەوتنەوە ڕێ. ناڕەزایەتیی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، دادخوازان و بەرگریی بوێرانەی ژنان لە بەرانبەر حیجابی زۆرەملێ دا، هەموویان لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیاندا درێژەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"ن. بەم شێوەیە شۆڕشی ژینا لە لایەکەوە بووە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی گرنگ لە بواری جێگە و پێگە ژن لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا و لە لایەکی تریشەوە لە ڕووی سیاسییەوە، قەیرانی دەسەڵاتداریێتیی ڕژێمی توندتر کردەوە

**بزووتنەوەی کرێکاری:**

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران، ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی کرێکاران، بەردەوام واقیعێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵایەتی یان سیاسی بوون. تەنها لە ماوەی ٨ ساڵەی شەڕی ئێران و عێراقدا بەهۆی زاڵبوونی کەشێکی شەڕاوی بەسەر تەواوی کۆمەڵگای ئێراندا، وەستانێک لەم ڕەوتەدا پێکهات. نزمیی ئاستی حەقدەستەکان، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، خەبات بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە، بارودۆخی سەختی شوێنی کار و نەبوونی ئەمنییەت، ناوەڕۆکی ئەم بزووتنەوەیە بوون. کاردانەوەکانی ڕژێم لە بەرانبەر ئەم جووڵانەوە کرێکارییانەدا، ڕەهەندێکی ئەولاتر لە بزاڤێکی پیشەیی، واتە خەسڵەتێکی سیاسیی پێ بەخشیون. سەرەڕای قەدەغەبوونی مانگرتن، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بە تێکڕا ساڵانە شاهیدی نزیکەی سێ هەزار ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری بووین. کرێکارانی پرۆژەیی نەوت و گاز، پترۆشیمی، فولاد و زەوب ئاهەن، ئێران تایر و کانەکان و هێپکۆ ئازەرئاب وهتد... لەم نێوەندەدا پێویستە هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە بزاڤی موعەلیمان و پەرستارانیش بکرێت. خۆڕێکخستن لەنێو بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا، هەرچەندە بە شێنەیی بەڕێوە دەچێت، بەڵام ڕوو لە پەرەسەندنە. ڕێبەران و کەسایەتییە تێکۆشەر و چالاکە کرێکارییەکان وردە وردە دەردەکەون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە گرنگیی پێگەی خۆیان تێدەگەن. هاوپشتیی خەباتگێڕانەی نێوان موعەلیمان، پەرستاران، کرێکارانی بەشەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و خزمەتگوزاری و هەروەها بزووتنەوەی بەربڵاوی خانەنشینانی بەشە جیاجیاکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەدەستێنێت و قووڵتر دەبێتەوە

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، شاهیدی هاتنەئارای پرسگەلێکی تری وەک هەڵوەشاندنەوەی سزای

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژە ی لاپەڕەی۴

لەسێدارەدان، ئازادی زیندانیانی سیاسی و هاوشێوەکانی لە ناو ویست و داواکارییەکانی بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری بووین

**بزووتنەوەی ژنان:**

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بروسکەیەک نەبوو لە ئاسمانێکی ساماڵدا. ئەم ئاخێزە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە پرسی ژنانەوە هەیە، لە درێژەی خەباتی بەردەوامی ژنان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان لە بەرانبەر یاسا ئیسلامییەکان و گوشارەکانی کۆمەڵگای پیاوسالاردا گەشەی کرد. چوونەناوەوەی بێوێنەی ژنان بۆ بواری خوێندنی زانکۆیی و لەم ڕێگەیەوە کردنەوەی ڕێگای خۆیان بۆ ناو بوارەکانی کار و بەرهەمهێنان، حزووری کەم وێنەیان لە گۆڕەپانی هونەر و سینەمادا، زیادبوونی تەڵاق وەک بوارێک لە بەرگری لە بەرانبەر نەریتە سەرسەختەکانی پیاوسالاری، کردنەوەی ڕێگای خۆیان بە هەوڵ و تێکۆشانی بوێرانەیان بەرەو گۆڕەپانە وەرزشییەکان و ئامادەبوون لە یاریگاکاندا، پڕبوونی زیندانەکان لە ژنانی پێشڕەو و خەباتگێڕ، بەرگری لە بەرانبەر حیجابی زۆرەملێ لە نموونەکانی وەک کچانی شەقامی ئینقلاب و لە کۆتاییدا سووتاندن و تووڕهەڵدانی سەرپۆشەکان لە کاتی شۆڕشی ژینادا، گۆشەگەلێک لەم بزووتنەوە بەهێز و دێرینەی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا نیشان دەدەن. سەبارەت بە بزووتنەوەی ژنان، بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین، بەهۆی هۆکارە بابەتییەکانەوە، ژنان یەکێک دەبن لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شۆڕشی داهاتوو لە ئێران

بزووتنەوەی دژ بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان

ئەم بزووتنەوەیە لەم قۆناغەدا زیاتر لە هەموو کاتێک خەسڵەتی شۆڕشگێڕانە و دوور لە دەمارگیرییە باوەکانی ناسیۆنالیستیی لە خۆی نیشان دا. خەباتی خەڵکی کوردستان کە لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا گەیشتە لوتکە، پشتیوانیی خەڵکی لە سەرتاسەری ئێران بەدەستهێنا و لەم ڕێگەیەوە ئاسۆیەکی نوێ بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی بەڕووی خەڵکی کوردستاندا کرایەوە. گرێدانی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی بە نەهێشتنی ستەمی چینایەتی-ڕەگەزی و بەرجەستەبوونەوەی دروشمی یەکگرتنخوازانە لەگەڵ بەشەکانی تری کۆمەڵگای ستەملێکراو، لە زومرەی نیشانەی کاریگەرییە حاشاهەڵنەگرەکانی چەپی کۆمەڵایەتی بوون لە بزووتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییدا. لەم قۆناغەدا ڕژێم لە لایەک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست لە لایەکی ترەوە، زۆر هەوڵیاندا بە ناوی ڕەمزیی «پاراستنی یەکپارچەیی خاکەوە» ئەم بزووتنەوەیە لەو ڕێڕەوە پێشکەوتنخواز و پێشڕەوەی کە گرتوویەتیەبەر، بەلاڕێدا ببەن و تێایدا سەرکەوتوو نەبوون. یەکێک لە دیمەنە درەوشاوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانمان لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا بینی. بۆ ماوەی دوو مانگ سەرتاسەری کوردستان لە باکوورەوە تا باشوور، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز وەک نمایشێک لە هێزی بزووتنەوەی جەماوەریی لە کوردستان، بەڕێوە چوو. تایبەتمەندیەکانی ئەم حەرەکەتە وشیارانەیە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە

توانای ڕێکخستن: بێگومان وەها حەرەکەتێکی گەورە بەبێ ڕێکخستن لە هەموو بوارەکاندا، لەوانە کۆکردنەوەی خەڵک، ئامادەکاریی تەکنیکی و کرداری، دروستکردنی هاوئاهەنگی لە بەڕێوەبردنی یەک لەدوای یەکی ڕێوڕەسمەکان، ئیمکانی نەبوو. ئەم نمایشی هێزی ڕێکخستنە زۆر لە سەرووی تواناکانی حیزبییەوە بوو (کە بە ناچاری بەشێوەیەکی سنووردار و بە نهێنی ئەنجام دەدرێت)

**وشیاری و ئاگایی:** زانستی بەکارهێنانی دەرفەتەکان، کارکردن لە ژێر ئەوپەڕی گوشاردا و زەمینگیرکردنی هێزەکانی سەرکوت

**هاوپستی و کاری هاوبەش:**

ئاراستە سیاسییەکان لە دەوری ئامانجێکی هاوبەش، چالاکییەکی دیاریکراویان بە سەرکەوتوویی و بە بەشداریی جەماوەریی بەڕێوە برد، بەبێ ئەوەی وەک دەڵێن خوێن لە لووتی کەسێک بێت

**گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی:**

تێکەڵەیەک لە تایبەتمەندییەکانی سەرەوە نیشانیدا کە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی کردووە و لە بارودۆخی توندبوونەوەی قەیرانی شۆڕشگێڕانە و بۆشایی دەسەڵات و هتد، بە خێرایی دەتوانێت ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداریێتیی خۆی لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێکبهێنێت

**بزووتنەوەی خوێندکاری:**

ئەم بزووتنەوەیە بە ڕزگاربوون لە داوی ئیسلاحخوازە حکومەتی و دەفتەری تەحکیم وەحدەتییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکانی تر، بووەتە یەکێک لە پایەکانی خەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری لە ئێراندا. لە کاتی شۆڕشی ژینادا بزووتنەوەی خوێندکاری بوو بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم شۆڕشە. داواکاریی پیشەیی ئەم بزووتنەوەیە کە بریتییە لە خەبات لەدژی تایبەتیکردن و بەپارەکردنی خوێندنی زانکۆ لە ئێران، ڕاستەوخۆ تایبەتمەندییەکی سیاسی بەخۆیەوە گرتووە

**بزووتنەوەی دادخوازی و ئازادیخوازی**

بوونی ئەم بزووتنەوەیەش واقیعێکی حاشاهەڵنەگرە کە خۆی لە خەبات بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و ڕێکخراوبوون، بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی و بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەداندا، نیشان دەدات. بنەماڵە دادخوازەکان، لە دادخوازانی قوربانیانی دەیەی شەستەکانەوە بگرە تا گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژینا، بوونەتە بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی بەهێز. خەباتی قارەمانانە لە ٤٤ زیندانی ئێران لە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان، تەنیا نموونەیەکە لەو بزووتنەوە بەرفراوانەی کە لە هەناوی کۆمەڵگای ئێراندا بەڕێوە دەچێت

**بزووتنەوەی دژ بە تێکدانی ژینگە**

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی دژ بە تێکدانی ژینگە لە ئێران، وەڵامێکە بۆ شێوازە تاڵانکارییەکانی گەشەپێدانی نیولیبراڵی و سیاسەتە دژە ژینگەییەکانی حکوومەتی ئیسلامی کە لە خزمەت بەدەستهێنانی قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە لەلایەن دەسەڵاتداران و کۆمپانیاکانی سەر بە سپا و دامەزراوە ئەمنی-ئابوورییەکانی تردایە

*دەوڵەت و دامەزراوە سەربازی-ئەمنییەکان (لەوانە سپای پاسداران) کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانیان لە دەستدایە و بە پڕۆژەکانی وەک درووستکردنی بەنداو، دروستکردنی ڤێلا، کانگای ناستاندارد و پیشەسازییە ئاوبەرەکان، لە ڕێگەی تێکدانی سروشت و چەوساندنەوەی هێزی کارەوە قازانج بەدەست دەهێنن.

*سیاسەتەکانی گەشەپێدانی نایەکسان بووەتە هۆی توندبوونەوەی قەیرانە ژینگەییەکان، بۆ نموونە، گواستنەوەی ئاو لە ناوچەکانی کوردستان و خوزستانەوە بۆ ناوەندە پیشەسازییەکان یان کشتوکاڵە ئاوبەرەکان لە خزمەت سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت، دامەزراوە حکوومییەکان و سەر بە حکوومەتدایە.

*سەرکوتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان (لەوانە نارەزایەتیی جووتیارانی ئیسفەهان، خوزستان، یان تاڵانکردنی دارستانەکانی ناوچەی باکوور) نیشاندەری وابەستەیی دەوڵەتە بە بەدەستهێنانی قازانج لە ڕێگەی تێکدانی ژینگەوە

* دروستکردنی بەنداوە وێرانکەرەکان (لەوانە بەنداوی سیلوانە کە ژیانی گوندنشینانی لەناوبرد)،

*ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی «نائەمنی» (کە لە ڕاستیدا پاککردنەوەی ناوچەکانە بۆ پڕۆژە سەربازی-ئابوورییەکان)

ئەم هەنگاوانەی حکوومەت بوونەتە هۆی دروستبوونی خۆڕاگریی و بەرخۆدانی جەماوەریی. ڕێکخراوە ژینگەییەکانی کوردستان، بە کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانەی زۆرجار لەلایەن حکوومەتەوە هەڵدەگیرسێن، ڕێگریکردن لە لەناوچوونی لەوەڕگە و دارستانەکان، چاندنی نەمام، بە وشیارکردنەوە، ڕێکخستن و پەرەپێدانی کولتووری پاراستنی ژینگە، بەرەنگاری سیاسەتە دژە ژینگەییەکانی دەسەڵات دەبنەوە

لە ناوچەکانی تری ئێرانیش چالاکوانانی ژینگە (لەوانە ڕێکخراوەکانی بەرگری لە کاروون، هورالعەزیم، یان دارستانەکانی هیرکانی) ڕووبەڕووی سەرکوت بوونەتەوە. دروستکردنی دۆسیەی ئەمنیی بۆ چالاکوانانی ژینگە و دەستگیرکردنە بەربڵاوەکان، نیشان دەدات کە حکوومەت، بەرگریکردن لە ژینگە بە هەڕەشەیەکی ئەمنی دەزانێت، چونکە ئەم بزووتنەوانە ئەو کارەساتانەی کە دەسەڵات بەسەر ژینگەیدا هێناوە، لەقاو دەدەن

**چەپی کۆمەڵایەتی:**

کاتێک باس لە بوونی هێزێکی چەپ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەکەین، ئاماژە دەکەین بە واقیعێکی کۆمەڵایەتی نەک تێگەیشتنێکی زەینی. باس لە ڕەگ و ڕیشە بابەتی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم چەپە دەکەین. بوونی ئەم چەپە پێش هەموو شتێک لە گۆڕەپانی

درێژە لە لاپەڕەی ۶

پێشــــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بلاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

## درێژە ی
## ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە و کۆمیتەی ئیجرایی بە پلینۆمەکانی حیزب و کۆمەڵە

خەباتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینین. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" جەماوەری بۆتەو و پێگەی کۆمەڵایەتیی بەدەستهێناوە، لە ڕاستیدا ئاماژە بە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی بە ناوەڕۆک چەپ دەکەین کە لەلایەن هێزێکی مرۆیی دیاریکراوەوە بەرەوپێش دەچێت. بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان، بە کردەوە لە بەرەی چەپی کۆمەڵگادا خۆیان دەبیننەوە، ئەگەرچی هەندێک جاریش بە هەزاران "ئەمما" و "ئەگەرەوە" لەلایەن هێزە ڕاسترەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە وەک ئامراز کەڵکیان لێوەرگیرابێت.

لە ئاستی ڕووناکبیران و پێشڕەوانیشدا بوونی کۆڕ و کۆمەڵە سۆسیالیستەکان لە ناوخۆی وڵات، بوونی جەماوەرێکی بەرفراوان لە خوێندکاران و ئوستادان و نووسەرانی ناسراو و بەناوبانگ و بەو بەرهەم و نووسینانەی کە لە ناوخۆی وڵات چاپ دەکرێن، بە مەیلی سیاسیی جیاوازەوە، بەرچاو دەکەوێت. ئەم چەپە دەبێت بە فەرمی بناسرێت، بەهێز بکرێت و هاوکاری بکرێت

لە ئاکامی پێشکەوتنەکانی داهاتووی ئەم ڕەوتە، هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگا سەرهەڵدەدەن. چەپی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، کۆڕوکۆمەڵ و حیزبە چەپەکان و هتد، پێ دەنێنە ناو گۆڕەپانی خەبات و ناڕەزایەتییە چارەنووسسازەکانەوە. هاوسەنگیی هێز هەنگاو بە هەنگاو لە بەرژەوەندی بەرەی شۆڕش دەگۆڕێت. قەیرانی دەسەڵاتداریێتی و هێزی سیاسی توندتر دەبێتەوە. هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا دەتوانن ببنە هۆی شۆڕشێکی ڕزگاریخواز. بەڵام ئەم ڕەوتە تا گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، چەندە دەخایەنێت، بە وردی پێشبینی ناکرێت، بەڵام ڕەوتێکی هەبوو و حاشاهەڵنەگرە و هەر ئەم بوونە واقیعییەیە کە توێژێکی بەرفراوانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و تەنانەت خودی ڕژێمی دەسەڵاتداریشی ناچار بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە کردووە

### ئەرک و ئەولەوییەتەکانی ئێمە
### ئەرکی سەرەکی ئێمە دەتوانرێت لە دوو تەوەردا کورت بکرێتەوە

**یەکەم:** کارکردن بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی حیزب،

**دووەم:** کارکردن بۆ ڕێکخستنی شۆڕش لە قۆناغی قەیرانی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا

تەوەری یەکەم، چالاکیی ڕۆتینی و هەمیشەیی ئێمەیە. بەپێی تواناکانی ئەم قۆناغە، پێویستە تۆڕ و شانە حیزبییەکان پێکهاتوو لە کادرانی کارامە و بەئەزموون، پەرەیان پێبدرێت. گۆڕینی پێگەی حیزب بۆ هێزێکی یەکگرتوو و خاوەن جێگە و پێگە لەنێو جەماوەردا و ئامادەکردنی بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم قۆناغەیە. پەرەپێدانی شانە حیزبییەکان لە ناوەندە کرێکارییەکان، شوێنەکانی کار، زانکۆکان، گەڕەکە هەژارنشینەکان و ئەو ناوچانەی کە لەژێر ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییدان لەوانە (کوردستان، بەلوچستان و خوزستان). بەهێزکردنی میدیا کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی پەیوەندیی گوتاری لەگەڵ چالاکوانانی ناوخۆ. بەدەستهێنانی هێز و تەرکیزکردنەسەر توێژە وشیار و خۆڕاگرەکان لە ناو کرێکارانی پێشڕەو، موعەلیمان و خوێندکارانی ڕادیکاڵ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەکانی ژنان و نەتەوە ستەملێکراوەکان

تەوەری دووەم، کارکردنە لەسەر ئاستی جەماوەری و کۆمەڵایەتی

بنەمای کاری ئێمە لەم بوارەدا، لە بەڵگەنامەی ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هاتووە. چەند خاڵێکیش لە بابەتێکدا لەژێر ناوی "چەند وانەیەک لە ئاخێزەکانی ساڵانی ڕابردوو" کە لە "جیهانی ئیمروز"ی ژمارە یەکدا بڵاوکراوەتەوە، دەتوانێت سوودمەند بێت لە پێشخستنی چالاکییە کردارییەکانمان لە بواری بەشداریکردن و ڕێنماییکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان و گۆڕینی ناڕەزایەتییە پەرشوبڵاوەکان بۆ بزووتنەوەیەکی گشتگیر و ئامانجدار، پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا، بەدواداچوونی مەنشووری لانیکەمی داخوازییە بنەڕەتییەکانی سەردەمی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، ڕێکخستنی کۆمیتەکانی مانگرتن لە پیشەسازییە سەرەکییەکاندا، لەوانە (نەوت، پترۆشیمی و فولاد)، ڕێکخستنی کۆبوونەوە ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی موعەلیمان، قوتابیان و خوێندکاران و گۆڕینی ناڕەزایەتییە بژێوییەکان بۆ داواکاریی سیاسی: "نا بۆ بەتایبەتیکردنی پەروەردە، نا بۆ پەروەردەی ئایینی، و قوتابخانە و زانکۆی ئازاد و یەکسان بۆ هەمووان، پشتیوانیکردن لە خەباتی دێموکراتیکی نەتەوە ژێردەستەکان، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی وروژێنەری وەک کورتە کلیپ و دروشمەکانی سەر دیوار و سرود و گۆرانی شۆڕشگێڕانە و ئەزموونی شۆڕشەکان. بەکارهێنانی زمانی باو و جەماوەری و خۆبواردن لە وشە ناڕوون و ئەبستراکتەکان و گرنگیدان بە ڕەنج و ئازاری ڕۆژانەی خەڵک. پەرەپێدان بە تاکتیکە شۆڕشگێڕییەکانی وەک مانگرتنی گشتی، پێکهێنانی کۆمیتەکانی خۆڕاگری و هاوکاری لە گەڕەکەکانی شار و گوندەکان و خستنەڕووی داواکارییە گشتییە ئەرێنییەکانی وەک بیمەی بێکاری، مووچەی خانەنشینیی گونجاو لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان، گرێبەستەکانی کار، بیمە تەندروستییەکان، مافی شوێنی نیشتەجێبوونی شیاو، خوێندنی بێبەرامبەر، بەفەرمی ناساندنی کاری ژنانی ناوماڵ و گونجاندنی لە چوارچێوەی یاسای کاردا، بانگەشەکردن بۆ شێوازەکانی حکومڕانیی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ و لەوانەش شۆڕاکان، لە زومرەی ئەولەویەتەکانی ئەم قۆناغەی کارکردنن لەسەر ئاستی جەماوەری و کۆمەڵایەتی

### پەرەپێدانی هاریکارییەکان لەگەڵ هێزە چەپە ڕێکخراوەکان و کەسانی سەربەخۆ لە دەرەوەی وڵات

هاریکارییەکان لەگەڵ ڕاهی کارگەر بەسوود و کاریگەر بووە بەڵام بەس نییە. پێویستە ئەم پەیوەندی و هاریکارییانە لە دەوری خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری وەک شۆڕای هاوکاری، ئیتحادی فیداییان، حیزبی کۆمۆنیستی م ل م و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بەردەوام بن و پەرەیان پێبدرێت.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سەربەخۆی چەپ لە دەرەوەی وڵاتیش هەن. ئەگەرچی ئەوان لە بەرەی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکاندان، بەڵام هێشتا دەفرێکی ڕێکخراوەیی ئەوتۆیان نییە کە بتوانێت توانایی و پۆتانسێلی شۆڕشگێڕانەی ئەوان بکات بە هێز و وزەیەکی خەباتکارانە. کارکردن لەسەر ڕێکارێکی کە بتوانێت هەم حیزب ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەم هەڵسووڕاوانی سەربەخۆش کۆبکاتەوە، لە زومرەی یەکێک لە پێویستییەکانی ئەم قۆناغە دەبێت ئاڕاستە ستراتیژی و تاکتیکییەکانمان لە کوردستان بە سەرنجدان بەو هەلومەرجە سیاسییە تایبەتەی کە لەم ڕاپۆرتەدا بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە

**پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دەرفەتێک بوو بۆ دووبارە کۆبەندی هێڵە بنەڕەتییە ستراتیژی و تاکتیکییەکانی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا و لەم پێوەندییەدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کرایەوە**

**١)** ئەو ڕاستییە ئاشکرایەی کە بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە چوار وڵاتی ناوچەکە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی جیاوازدا و بە تایبەتی لە بەرامبەر ڕژێم گەلێکی سیاسیی جیاوازدا لەئارادا بووە، تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بە حیزب و مەیلە سیاسییەکان دەبەخشێت. هاوکات لەناو بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، ڕێکخراو گەلێکی سیاسیی خاوەن مەیل و بۆچوونی تەواو جیاواز، هەر لە ڕیفۆرمخوازەوە بگرە تا چەپی شۆڕشگێڕ بوونیان هەیە. هەندێک مەیل و بۆچوون هەیە کە خەباتی خەڵکی کورد تەنیا لە کۆمەڵێک ویست و داخوازی ڕیفۆرمخوازانە لە چوارچێوەی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەر و دیکتاتۆرییەکان، لەوانە خوێندن بە زمانی دایکی و پۆشینی جلوبەرگی نەریتی و شتی لەم چەشنەدا سنووردار دەکات. لە هەمانکاتدا مەیلێکی سۆسیالیستیش هەیە کە بە پشت بەستن بە ڕاستییە بابەتییەکان و ئەزموونە مێژووییەکان، پێیوایە کە پرسی کورد و ڕزگاربوونیان لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستانەی ئێستادا بەدی نایەت و وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، داواکارییە کولتوورییەکان بە تەنیا ناتوانن ببنە هۆی نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئەم ستەمە وەک زامێکی چارەسەر نەکراو دەمێنێتەوە. چەپی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستاندا، پرسی کورد دەبەستێتەوە بە پرسی ڕزگاری گشتی لە هەموو جۆرەکانی هەژموونی دەوڵەتی ناوەندی، ستەمی چینایەتی، ستەمی جێندەری و ستەمی ژینگەیی. ئەوە کرێکار و زەحمەتکێشی کوردە کە لەژێر گوشاری ستەمی چینایەتی و نەتەوەییدا، گیان فیدایانە ئامادەی خەبات و تێکۆشانە، ئەگینا لە دونیای سەرمایەداریی ئێستادا، سنوورەکانیان بۆ سەرمایە لابردووە

**٢)** بەڵام واقیعی بنەڕەتیی بوونی مەیل و حیزبە سیاسییە فرەچەشنەکان، بریتییە لە بوونی چین و توێژە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا. نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە لە چین و توێژی جیاواز پێکدێت و بەگوێرەی تایبەتمەندی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

دریژە ی لاپەڕەی٦

کۆمەڵگای سەرمایەداری لە هەریەک لەو چوار وڵاتەی کە خەڵکی کورد تێیاندا دەژی، خەڵکی کوردیش بە هەمان شێوە دابەش بووە بەسەر چینی هەژار و دەوڵەمەند (کرێکار و سەرمایەدار)، چینی باڵادەست و ژێردەست

زەحمەتکێش و خاوەن سەرمایە و بە کورتی، چینی سەرەوە، چینی مامناوەند و چینی خوارەوە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانیش، لە هەر وڵاتێکی شوێنی خەبات و چالاکی خۆیان، بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات و بەدیهێنانی بەرنامەکەیان، پشت بە چین و توێژێکی دیاریکراو دەبەستن و لە بەرامبەریشدا هەر چین و توێژێکیش بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئامانج و بەرنامەی حیزب و ڕێکخراوێکی دیاریکراودا بەدی دەکەن. مەیلی چەپ و سۆسیالیستی، نەک هەر بۆ داواکارییە کولتوورییەکانی نەتەوەی کورد، بەڵکوو بەدواداچوون بۆ داواکارییە ڕادیکاڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش دەکات، هەڵبەت نەک لە چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکان و خەساندنی بزووتنەوەکە، بەڵکوو بە هاودەنگی و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازە سەرتاسەرییەکان. چینی کرێکار لە کوردستان، جگە لەوەی کە لەژێر باری ستەمی نەتەوەییدایە، بەدەست چەوسانەوە و هەژاری و نایەکسانییشەوە دەناڵێنێت. خەبات بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ناتوانرێت لە خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەپێناو ڕزگاربوون لە چنگ نایەکسانی چینایەتی، جیا بکرێتەوە

**٣)** ڕەوایی سەندنەوە لە خۆڕاگریی چەکداری حیزب و لایەنە لیبراڵ و کۆنەپارێزەکان لە کوردستان بە هاوکاری دام و دەزگا پڕوپاگەندەییەکانی ڕۆژئاوا، ئەم ڕۆژانە قسە لە بێهودەیی و ناکاریگەربوونی خەباتی چەکداری دەکەن و لە مەدحی ڕێوشوێن و میتۆدی ئاشتیانە و مەدەنی شت دەنووسن. بە بڕوای ئەوان ئەم سەردەمە "سەردەمی دیالۆگ و گفتوگۆیە". گۆیا چەک هەڵگرتنی خەڵکی کوردستان ڕەنجێکی بێهودە بووە

**ئەم ڕەوتە، لەلای ئەو کەسانەی کە هیچ نیازێکی خراپیان نییە، لە باشترین حاڵەتدا وەهمێکە و وەک ڕەوتێکی سیاسیش فریوکارییەکی ئاشکرایە چونکە**

**یەکەم:** خەباتی چەکداری بە هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنرا. خەڵکی کوردستان ئازادییان دەویست و لەمەڕ ئەوەی بڕیاریاندابوو بەرگری بکەن لەو دەستکەوتە دێموکراتیکانەی کە لە پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی شادا بەدەستیان هێنابوو، ناچار بوون چەک هەڵبگرن. ئەوان پەنایان نەبردەبەر توندوتیژی، بەڵکوو لە دژی توندوتیژی وەستانەوە و بەرگرییان لە کەرامەتی ئینسانی خۆیان کرد

**دووەم:** بەهۆی هێرشی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ سەر ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی ئازادیخواز لە سەرانسەری ئێران، دەیان هەزار کەس پەلکێشی زیندانەکان کران، ئەشکەنجە و ئێعدام و بێسەروشوێن کران، یان لە ئێران هەڵهاتن. خۆڕاگریی چەکداری لە شێوەی پێشمەرگایەتیدا، سەنگەرێک بوو لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی ڕژێم بۆ سەر کوردستان. جگە لەوەش، لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵ شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، بەهۆی ئەم فۆرمەی خۆڕاگرییەوە، ڕژیم هەرگیز نەیتوانی گەنجانی کوردستان لە ئاستێکی بەربڵاودا ببات بۆ سەربازی و لە بەرەکانی شەڕدا بیکاتە قوربانی. شەڕێک کە سەدان هەزار گەنجی ئێرانی تێیدا بوونە قوربانی

**سێیەم:** دام و دەزگای پڕوپاگەندەی ڕۆژئاوا، لە کاتێکدا کە خۆیان بەرهەمهێنەری مۆدێرنترین و فرەچەشنترین ئامرازەکانی توندوتیژی و سەرکوتن و لە فرۆشتنیان بە دیکتاتۆرەکان قازانجێکی زۆر و زەوەند بەدەست دەهێنن و لە بەرامبەردا، ڕەوایەتیی دەدەن بە توندوتیژی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەدژی خەڵکی کورد و داوا لە قوربانیانی ئەو تاوانانە دەکەن، کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان دەستیان بردووە بۆ چەک، ڕێگەی ئاشتیانە بگرنەبەر. ئەوان مافی بەرگریکردن لەخۆ بۆ خەڵکی کورد بە فەرمی ناناسن

**چوارەم:** وەدیهاتنی ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا، هەرگیز لەسەر بنەمای سەرکەوتنی نیزامیی پێشمەرگە دانەمەزراوە. ئامانجی ئێمە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بریتییە لە شۆڕش. واتە پرۆسەیەکی کە لەناو شارەکاندا دەست پێدەکات و لەڕێگەی خۆپیشاندانی بەرین و ڕێکخراوەوە، ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی مسۆگەر دەبێت. شۆڕشێکی کە کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیتوو تێیدا هێزی بزوێنەرن. شۆڕشێکی لەم شێوەیە، نەک تەنیا دەرئەنجامی ئیرادەی ئێمە، بەڵکوو پشتبەستووە بە واقیعە بنەڕەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. ناتەبایی چینایەتی، نایەکسانی و هەڵاواردن، بێبەشی کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادی تاک و سیاسی و هتد، هاوکات لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی بەردەوام، وشیاریدەرانە و ڕێکخراو لە کۆمەڵگایەکدایە کە بەرەو شۆڕش و گۆڕانکاری بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبات

**پێنجەم:** ئێمە وەک پرەنسیپێک، لە سەرووی هەموو شتێکەوە هەوڵدەدەین لە ڕێگەی ئاشتیانەوە سەرجەم ئامانجە دادپەروەری و ئینسانییەکانمان بەدی بهێنین. لە ڕاستیدا ئەوە دوژمنەکانمانن کە ناچارمان دەست بۆ چەک ببەین. خەباتی چەکداری وەک تاکتیکێکی سیاسی دیاریکراو پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنێکی دیاریکراوی هەلومەرجی سیاسی، کات و شوێنی گونجاو، هاوسەنگی هێزەکان، توانا و ئەگەرە ماددییەکان، توانای کردەیی بۆ درێژەپێدانی و هتد، هەیە، نزیکەی سێ دەیەیە کە کۆمەڵە، لە کاتێکدا کە چەکدارە و باڵێکی چەکداری هەیە، بە هۆی ئەم هەڵسەنگاندنە تایبەتەوە، خەباتی چەکداری لە کارنامەی خۆی دوورخستووەتەوە. لەو ماوەیەدا بزووتنەوەی کوردستان لە شێوازی جۆراوجۆری جەماوەریی وەک مانگرتن و نارەزایەتی و هیتر دا درێژەی هەبووە، کە کۆمەڵە تێیدا ڕۆڵی بینیوە. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، یەکێکە لە گۆڕەپانە پڕ جۆش و خرۆشەکانی

**شەشم:** دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی: هەرجارناجارێک و بە تایبەتیش لەم چەند مانگەی دواییدا دەنگۆی پرسی دانوستانەکانی ئەم یان ئەو حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بڵاو دەبێتەوە. پێویستە جارێکی تر سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بەم بابەتە بە ڕوونی بخرێتەڕوو. لە ڕوانگەی ئێمەوە دانوستان لەگەڵ دوژمن خۆی لە خۆیدا بابەتێکی ڕەتکراوە نییە. دانوستان لەگەڵ تەنانەت گەندەڵترین دوژمنیش دەتوانێت بەشێک بێت لە خەبات دژی ئەو دوژمنە، بەڵام ناکرێ دانوستان لەسەر وەهمی ئاڵوگۆڕ لە سروشتی دوژمن یان فریودانی دوژمن بێت. دانوستان لەگەڵ دوژمن نابێت جگە لە حیسابکردنی هاوسەنگی هێزی گشتیی لەنێوان هەردوولا، لەسەر هیچ بنەمایەکی تر بێت. دانوستان لەگەڵ دوژمن جگە لە حیسابکردنی هاوسەنگی گشتیی هێز لە نێوان هەردوولادا، ناتوانرێت لەسەر بنەمای شتێکی تر بێت. فریوکاری دوژمن بە ئامانجی پیلانگێڕی، وەک چۆن چەندین جار لە کوردستانی ئێران هاتووەتە گۆڕێ، ناکرێت ناوی دانوستانی لێ بنێین ئەگەر لە هەلومەرجێکی تایبەت و دیاریکراودا، دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتدا لە بوو بە پێویستییەکی سیاسیی، دەبێ بنەمای ڕێککەوتنی گشتی، لەسەر قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی دانوستانەکە وەک پرسێکی نەتەوەیی و گشتی سەیر بکرێت، پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوە بچێت و لە ئەگەری بەڕێوەچوونی دانوستاندنی لەوشێوەیە، پێویستە میکانیزم و شێوازی گشتیی بەرەوپێشبردنی ئەو دانوستاندنە بەگوێرەی ڕێککەوتنی گشتی بێت. یەکێک لە مەرجەکانی ئێمە بۆ هاوکاری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان،بریتییە لە قبوڵکردنی ئەم بابەتەیە. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئامانجە ڕەوا و دادپەروەرەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدی نایەت. سیناریۆی پێشڕەو و سەرکەوتوو، لە گرەوی یەکگرتوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتوویی خۆبەخشانەی گەلانی نیشتەجێی ئێران، نەک تەنیا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران دایە، کە تێیدا کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، وەک زۆرینەی ئەم کۆمەڵگایە، چارەنووسی دیاری بکەن

## کۆنگرەی ١٢ی پەکەکە، بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە

**١)** هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی فەرمیی کۆنگرەی پەکەکە، کە دوابەدوای بەیاننامەکەی ئۆجەلان لە زیندانەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوە و چەکدانان هات، هەتا ئێرە و ئەگەر هیچ ڕووداوێکی دیکەش ڕوونەدات، لە مێژووی خەباتی خەڵکی کورد لە ناوچەکەدا وەک ڕووداوێکی گرنگ تۆمار دەکرێت. هەڵبەت ئەوەی کە لە کردەوەدا چی ڕوودەدات و هەروەها مەزەندەکردنی کاریگەرییەکانی، هێشتا زووە و سەبارەت بە دەرەنجامەکانی کۆمەڵێک پرسیار و ناڕوونیی لە ئارادایە

ئەوەی کە ئایا ئەم هەنگاوە تۆپەکە دەخاتە مەیدانی ئەردۆغان بۆ گۆشەگیرکردن و لەقاودانی ئەو؟ ئایا داماڵینی چەک و هەڵوەشاندنەوە، ڕاستییە یان مانۆڕێکی سیاسیی؟ ئایا بەڕاستی ئەمریکا ڕۆڵی نێوەندگیری هەیە و ئەگەر هەبێت، ئایا گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر تورکیا کاریگەر دەبن؟ پەکەکە لە ڕوونکردنەوەکانی هەڵوێستی خۆیدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەداوەتەوە. پەکەکە دەیتوانی بە شێوەیەکی شەفاف، لە هەڵوێستێکی لۆژیکی و بەهێزەوە، بە پشتبەستن بەو بزووتنەوە جەماوەرییە بەهێزەی کە پشتیوانی لێ دەکات، گۆڕینی سیاسەتی خۆی ڕابگەیەنێت و بچێتە ناو دانوستانێکی شەفافەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا. هەروەک چۆن پەکەکە خۆی لە سەردەمێکدا بە نێوەندگیری دەوڵەتی نۆروێژ سیاسەتێکی لەو شێوەیەی پەیڕەو دەکرد. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بەڕاستی مەبەستی کۆتایی هێنانە بە شەڕ و ململانێی ٤٥ ساڵە لە تورکیا، دەبوو لە بەرامبەر ئەو ئیمتیازانەی کە پەکەکە دەیدات یان داویەتی، هەر چەشنە دەستدرێژییەکی سەربازی بۆ سەر هێزەکانی پەکەکە ڕابگرێت و سەرجەم زیندانیانی سیاسی لەوانە عەبدوڵڵا ئۆجەلان و سەلاحەدین دەمیرتاشی ئازاد بکردایە و لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانەی کە لە ڕیزەکانی پەکەکەدا خەباتیان کردووە ڕابگەیەنێت و هێزە سەربازییەکانی لە کوردستانی عێراق بکێشێتەوە. هێشتا هیچ کام لەمانە بە مانای دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد نییە، ئەم پرسە دەیتوانێ ببێتە بابەتی خەباتی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان و دیالۆگ یان ئەگەری ڕێککەوتنەکانی دواتر. واقیعییەت ئەوەیە کە دەبێ وەرچەرخانی سیاسی پەکەکە لە پرسی وازهێنان لە خەباتی چەکداری یان جۆرێک لە زەمینەسازی بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی چالاکیی مەدەنی و دیموکراتیکدا نەبینرێت، بەڵکوو لە بنەڕەتدا مەسەلەی بە بنبەست گەیشتنی ستراتیژیکی مەیلێکی سیاسی دیاریکراوە لە بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. ئێمە لە مێژووی حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان لە هەرچوار وڵاتی ناوچەکەدا، شاهیدی گەلێک وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی لەم چەشنە بووین کە لەسەر ئەم باوەڕە جەخت دەکەنەوە. ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، تەنیا بە لەناوبردنی سەرچاوەکانی ستەم، کە بریتییە لە

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژە ی لاپەڕەی ٧

چینی چەوسێنەر و دەوڵەتی سەرکوتگەری پشتیوانی، مومکین دەبێت، نەک بە بوون بە هاریکار لە

بەرامبەر پێدانی ئیمتیازاتێکی سنووردارادا. ئاڵای سۆسیالیزم لە بزووتنەوەی کرێکاریدا نەک تەنیا ئاڵای ڕزگاری کرێکاران لە چنگ ستەم و هەژاری و شەڕ، بەڵکوو ئاڵای نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییشە. تەنها لە سۆسیالیزمدایە کە چیتر نەک هەر هیچ نەتەوەیەک بەرژەوەندیی لەوەدا نییە دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا زاڵ بکات، بەڵکوو ئەو شوناسە دروستکراوانەی کە دەبنە هۆی جیایی مرۆڤەکان لە یەکتر، وەک ناسیۆنالیزم و ئایین، کە بەدرێژایی مێژوو ئامرازێک بوون لەدەست چینی دەسەڵاتدار دا بۆ پەرەپێدانی ترس لە یەکتر و شەڕ و هەروەها پاراستنی پەیوەندییەکانی هەژموون، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا کاڵ دەبنەوە. ڕەنگە نەوەی نوێ لە بیریان نەبێت، بەڵام سۆسیالیزم بە درێژایی مێژوو، لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا خاوەن جێگە و پێگەیەکی زۆر تایبەتی بووە، تەنانەت کاتێکیش کە ئەو حیزبانە بەڕاستی سۆسیالیست نەبوون یان بە هیچ شێوەیەک خۆیان بە سۆسیالیست نەدەزانی. بەڵام سروشتی ئەم جۆرە حیزبانە، بەدەر لە ڕێزێکی دەروونی بۆ ئەم چەمکە و دووپاتکردنەوەی لە چوارچێوەی پرەنسیپە باوەڕییەکاندا، دەبێ لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە هەڵسەنگێندرێت کە ستراتیژی سیاسیی ئەوان بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، پشتبەستوو نەبوو بە خەباتی چینی کرێکار لە ولاتی پەیوەندیدار

جێی سەرسوڕمان نەبوو کە ئەم جۆرە حیزب و ڕێکخراوانە لە سی ساڵی ڕابردوودا (واتە دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت و ئاڕاستەی ئاشکرای سەرمایەداری چین) نەک هەر وابەستەیی و هۆگرییەک بە سۆسیالیزم نیشان نەدەن، بەڵکوو لە جیهانی پاش شەڕی سارددا، بەدوای دۆزینەوەی ستراتیژێکی سیاسیدا کە شانسی سەرکەوتنی هەبێت، بەردەوام لە هێڵێکەوە بڕۆن بۆ هێڵێکی تر و هەڵوێستەکانیان بگۆڕن

خەڵکی کوردستان لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، لە یادەوەری سیاسی خۆیاندا، شایەتی خەبات لەدژی ئیمپریالیزمەوە بگرە تا دەگاتە هیواهەڵچنین لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ڕژێم لە ناوچەکە و تا دەگاتە بە ئامرازکردنی هێزی چەکدار لە دەست ئەم یان ئەو دەسەڵاتی ناوچەیی و هتد، بوون. وەرچەرخانی سیاسی پەکەکەش دەکرێ لە چوارچێوەی ئاوا هەلومەرجێکی جیهانی و وەک ڕێبازێکی سیاسی جیا لە ستراتیژێکی سۆسیالیستیی کە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریتی جەماوەری لە کوردستان و لە ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا گەڵاڵە کراوە، شرۆڤەی بۆ بکرێت. ڕێگای بەرەوپێشچوون بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان، کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای یەکگرتوویی و دوور لە ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی (و ڕەگەزی و هتد)، ڕێگایەکی پڕ لە هەواز و نشێوە، کە لە لە هەر قۆناغێکی دا لەگەڵ هێزی چینە چەوسێنەر و دەوڵەتە سەرکوتگەرەکان بەرەوڕوو دەبینەوە

هیچکەس بەڵێنی ئەوەی پێنەدابووین کە ڕێگای ئازادی کورت مەودایە و هیچ خەباتکارێکی جدیدیش بە شەرتی چەقۆ و گەرەنتی سەرکەوتنی ئەمڕۆ و سبەی، پێ نانێتە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە. ڕێکخراوە سیاسییەکان دێنە ناو گۆڕەپانی خەبات و تاقی دەکرێنەوە و دەڕۆن، بەڵام کۆتایی ئەم خەباتە نەک هاتن و ڕۆشتنی ڕێکخراوەکان، بەڵکوو سەرکەوتنی خەڵکی کورد دیاری دەکات.

سەرکەوتنی خەڵکی کورد تەنیا بە هاوپشتی و هاوخەباتی لەگەڵ چینی کرێکار و لەژێر ئاڵای سۆسیالیزمدا مسۆگەر دەبێت. بەرنامەی ئێمە بۆ نەتەوەی کورد بریتییە لە نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، کە هەم بەپێی ئەزموونی کرداری و هەم بەپێی شیکاری زانستی، باوەڕی تەواومان بەوە هەیە کە بەدیهاتنی ئەو ئامانجە، بە هاوپشتی و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوەی چینی کرێکار و سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و یەکریزی ستەملێکراوانی کۆمەڵگا لەوانە (ژنان و نەتەوە ستەملێکراوەکان) لە کوردستان و ناوچەکە و جیهان مسۆگەر دەبێت. هەر لە دابەشبوونی کوردستان لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان چوار ولاتی کۆنەپەرست لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییە چینایەتی و ژیئۆپۆلەتیکییەکانیانەوە بگرە تا دەگاتە بەرگریکردنیان لە دەوڵەت- نەتەوە خەیاڵی و یەکگرتووەکان و بەشداریکردنیان لە سەرکوتکردنی بزووتنەوە بزووتنەوە مافخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، هەر لە دابینکردنی گازی کیمیایی بۆ سەدام حسێن لە کاتی کۆمەڵکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەوە بگرە تا دەگاتە دانانی خودی پەکەکە لە لیستی تیرۆر و تا بێدەنگی لە بەرامبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و هێرشی حەشدی شەعبی و داگیرکردنی کەرکوک

**تەنیا ڕەوتە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا بوون کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی سوود و زیانەکانی بۆ ڕێکخراوەکەیان، بەرگرییان لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان کردووە.**

****

## منداڵانی کار و سەرشەقام



ئەگەر کۆماری ئیسلامی، کارەسات و نەهامەتییە کە بۆ سەر خەڵکی ئێران، ئەم کارەساتە منداڵانی ئەم وڵاتەی تووشی گەلێك نەهامەتی دیکە کردووە. لەم نێوەدا بەڵام منداڵانی کار و سەرشەقام هەلومەرجێکی تایبەتیان هەیە. ئیدارەی ئامار، بە پێی سیاسەتی دەوڵەت سەبارەت بە ڕێژەی واقعی ئەم قوربانیانە، یان بێ دەنگە و یان ئاماری ناڕاست بڵاودەکاتەوە

بە پێی دوایین ئامارێك کە ناوەندی ئامار بڵاوی کردۆتەوە ٢ ملیۆن و نیو منداڵی کار و سەرشەقام لە ئێران دەژین. لە حاڵێکدا کە گوێرەی ئاماری واقعی ئەم منداڵانە بە ٧ ملیۆن کەس بەراوەرد دەکرێن

نەهامەتییەکی کە بە سەر منداڵانی ئەم وڵاتەدا هاتووە ئەوەندە قوول و بەربڵاوە کە تەنانەت هێندیك لە بەرپرسانی ڕژیمیش حاشای لێ ناکەن. ئەوان هێندیك جار بە دروستی نەهامەتییەکانی داسەپێندراو بە سەر منداڵاندا دەخەنەڕوو، بەڵام کاتێك دەچنە سەر هۆکارەکانی ئەم هەلومەرجە مەینەتبارە لە باشترین حاڵەتدا دایك و باوەك بە گشتی و یان گیرودەبوونی ئەوان بە مادە هوشبەرەکان وەك هۆکاری ئەم نەهامەتیانە لە قەڵەم دەدەن نیزامی سەرمایەداری هەر لە سەرتاوە تا ئەمڕۆ بە شێوەی جۆراوجۆ و لە ئاستێ بەربڵاو لدا کەڵکی لە منداڵانی کرێکار وەرگرتووە و چەوساندوونییەوە. ئەم کەڵك وەرگرتنە لە وڵاتانی جۆراوجۆر بەپێی هاوسەنگی هێزی چینی کرێکار و سەرمایەدار و بە پێی ئاستی فەرهەنگ و شارستانییەت جیاواز بووە، بەڵام هیچ کاتێك لانەبراوە

ڕێژەی ئەم قوربانیانە هاوکات لە گەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری نیزامی سەرمایەداری لە سەراسەری جیهان بەردەوام دەچێتە سەرێ. لە هەر شوێنێك ئاستی خەباتی چینی کرێکار دژ بە کاری منداڵان لاواز بووبێت سەرمایەداران بە هۆی قازانجێکی زۆر کە لەم ڕێگایەوە دەستیان دەکەوێ، چاوچنۆکانە لە کاری منداڵان کەڵك وەردەگرن. منداڵ نابێت کار بکات. منداڵ دەبێت لە ڕێگای پەروەردە و یارییەوە، وەک مرۆڤێکی داهێنەر و سەربەخۆ باربێت. سەرمایەداران و ئەو دەوڵەتانەی کە لە بری پەروەردەکردنی سەربەخۆیی و داهێنانی منداڵان، پێش بە خوێندنی ئەوان دەگرن و لە کورەخانەکان، کارگاکانی فەرش چنین و ئەو مەزرایانەی کە مەوادی شیمیاییان تێدا بە کار دێت ناچار بە کار دەکەن، جینایەتکارن. کەسانێك کە منداڵان لە کاری سیکسی و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بە کار دێنن، نە تەنیا ئەم منداڵانە بەرەو هەڵدێری لەناوچوون پاڵپێوە دەنێن، بەڵکوو بنەماکانی دوارۆژی کۆمەڵگاش لەناو دەبەن. کەسانێك کە ئەمنییەت و تەندروستی منداڵان زەوت دەکەن و ئەوان بەرەو مەترسی گیرودەبوون بە مادە هوشبەرەکان و جۆرەکانی نەخوشی دەبەن جینایەتکارن. ڕژیمێکی وەك کۆماری ئیسلامی و سەرمایەدارانی بێ ویژدانی ئێرانی کە منداڵانی بێ بەشی ئەفغانی وێرای چەوساندنەوە لە ناوەندەکانی جوجەسازی و گاوداریيەکان لە ئیمکاناتی ئاموزشی و بێهداشتی بێ بەش دەکەن، جینایەتکارن و دەبێت بە تاوانی ئەم جینایەتە دادگایی بکرێن. دەستی هەموو ئەم جینایەتکارانە دەبێت بە ڕێکخستنی شوڕشێکی کۆمەڵایەتی کورت بکرێتەوە و لەم ڕێگایەوە منداڵانی کاریش ئازاد بکرێن

بەڵام هەر لەم پێناوەدا و هەر لە ئەمڕووەوە دەکرێت و دەبێت کارێك بکرێت تا لە ڕادەی نەهامەتییەکانی داسەپێندراو بە سەر منداڵان کەم بکرێتەوە. گرفتی منداڵانی کار و سەر شەقام گرفتێکی گشتی و جەماوەرییە. ئەم نەهامەتییە گەورەیە بەر لە هەر چین و توێژێکی، دیکە گرفتی چینی کرێکارە

سەرمایەداران و دەوڵەتانی خزمەتگوزاری ئەوان لەوانە کۆماری ئیسلامی، تەنیا بە هێزی ڕێکخراوبوون بەهێز ناچار بە پاشەکشە دەکرێن. ئەمڕۆکە کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر دەورەیەکی دیکە لاوازە، ئیمکانی ناچارکردنی بە ڕەچاوکردنی مافەکانی منداڵانی کار و سەر شەقام ئاسانترە

****

# لە پەراوێزی زماندا؛ سنوورەکانی گوتار و مانا و دەرفەتەکانی ئەدەبیات



**ن: لاوێن ئەمانی**

لە ئەدەبیاتدا ئەو بەرهەمانەم زیاتر خۆش دەوێت کە پێشوەختە چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دان بە نەزۆکبوونی زمان لە ئاست وێناکردن و گێڕانەوەی زۆرێک لە ئەزموونە مرۆییەکاندا دەنێن و بەم گریمانەیەوە دەست دەکەن بە نووسین. چونکە پێشاپێش ئەزانی کە ئەم بەرهەمانە بە پێی توانایان هەوڵ دەدەن بۆ نیشاندان و هەڵکۆڵینی ئەزموون یان ڕاستییەکی شاراوە، نەناسراو یان بێ ناو. هۆنراوەی «تازە ئاشنا»ی ئەحمەد بازگر بەدەر لە ناوەرۆک و پێگەی هۆنراوەکە، یەکەمجار بە بیستنی هەر ئەم دێڕە زۆر سادەی دەستپێکەکەی بوو کە ڕاکێشی بووم: «چۆن بۆت بدوێم»...! سەرنج بدەنە دەربەندی پەپوولەی شیرکۆ بێکەس، شاکارێک کە کاتێ دەگات بەو چەند وشەیەی: «ئەز چیتان بۆ باس کەم»...تازە لەوێدایە کە واتای سەرجەم دێڕەکانی پێش و پاشی هەستپێکراوتر دەنوێنن جیهانی ئەزموونکراو و جێی تێگەیشتنی ئێمە، لە چوارچێوەی زماندا پێناسە دەکرێت. هەر شتێک کە بۆ وتن بشێ، بۆ وێناکردن و تێگەیشتنیش دەشێ. هەر شتێکیش کە لە دەرەوەی زمان بێت، بۆ ئێمە نەکردە و مەحاڵ یان لانی کەم بێ واتا دەنوێنێ. لێرەدا ڤیتگێنشتاین پەردە لەسەر دژوازییەکی بنەڕەتی هەڵدەداتەوە: «لەمەڕ هەر شتێک کە ناتوانرێ بهێنرێتە زمان، دەبێ بێدەنگ بین». وەک بڵێی تەنانەت فەلسەفەش، لەدوای ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و جیهان، بە لێوارێک دەگات کە تێیدا زمان هەرەس دێنێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا ڕوودەدات، نەک کۆتایی مانا، بەڵکوو دەستپێکی ئەزموونێکی ترە: ئەزموونی بوونی شتێکی واوەتر لە گوتار لە نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، ئایدیای «ineffability» یاخود شتێک کە بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوە نابێت، بە شێوەی جۆراوجۆر باس کراون. هەمووکات، دۆخگەلێک لەبەرچاو گیراون کە تێیاندا زمان توانای دەربڕینیانی نییە. ئەم دۆخانە ئەتوانێ لە پەیوەند بە ڕەنج، خۆشەویستی، لەدەستدان و مەرگ و هەر ئەزموونێکی قووڵی مرۆیی تردا بێت. بۆیە زمانناسان زۆرجار لەو ڕوانگە پێکهاتەخوازە لە زمان مەودا دەگرن، بەو پێیەی کە زمان نەک «وێنایەک لە ڕاستی» بەڵکوو «کردەیەکی کۆمەڵایەتییە» و هەر بۆیەش «مانا، بەکارهێنانە». بۆ نموونە لە ڕخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا، هاوکات کە لەسەر ڕۆڵی ڕیالیزم لە ڕەنگدانەوەی «گشت»دا پێداگری دەکرێت، لە بابەت بە سنووورداری زمان و فۆڕمی ئەدەبیش هۆشداری دەدرێت زمان لە بەستێنی پەیوەندییە مرۆییەکاندا بەدی دێت و گەشە دەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێ سەرجەم ئەزموونەکان لە یەکێک لە «گەمە زمانییە باوەکان»دا جێ بکرێنەوە. بە سانایی نا. زۆرێک لە ئەزموونەکان لە هەناوی زمانی هەبوودا پێگەیەکیان نییە، چونکە لە توخمی زمان نیین و بۆیەش ناتوانرێ بە ئاسانی بگێڕدرێنەوە لەم سۆنگەیەوە ئەدەبیات، شێوازێکە لە گەمەیەکی زمانی تایبەت کە ڕێسای خۆی هەیە: ئیماژ، جیناس، هەڵوەستە، ڕیتم، بێدەنگی و بۆشایی. بەڵام ئەدەبیات واوەتریشە لە گەمەیەکی زمانی ڕووت؛ چونکە زۆرجار بە شکاندنی گەمە زمانییە باوەکان، دەرفەتی مانای نوێ دەخولقێنێت. ئەدەبیات زۆربەی کات هەوڵ دەدات ئەو بەستێن و ناواخنانەی کە ئیمکانی دەربڕینیان نییە، دەربخات. نەک بۆ ڕوونکردنەوە و دەقاودەق گێڕانەوەیان، بەڵکوو بە مەبەستی نیشاندانیان. بۆیە لەو کاتانەدا زمان تەنیا هەبوونیی نەبوویەک دەردەبڕێت دریدا لە نەبوونی ناوەند لە زماندا و هەڵپەسێردراویی مانا دەدوێت. بۆیە ئەدەبیات هەمیشە ئاماژە بە شتێک ناکات، بەڵکوو بەردەوام شتێکیش دەشارێتەوە. ئەمەش نەک لاوازی زمان، بەڵکوو ڕاستیی زمانە: زمان هەمووکات ناتەواوە، هەمیشە لەڕێدایە. هەر بۆیەش نەک تەنیا ئامراز، بەڵکوو سنووری تێگەی ئێمەشە. بەڵام ئەدەبیات لە پەراوێزی ئەم سنوورانەدا دەژی، بۆ شکاندن یان نزیککردنەوەی سنوورەکانی نێوان زمان و ئەزموون. ئەدەبیات نایەوێ تەنیا جیهان بگێڕێتەوە، بەڵکوو گەرەکیە نیشان بدات کە شتێک لە چاومان ون بووە و شتانێک هەن کە دەستەمۆ نابن تەنانەت گەر لە ساکارترین و ڕۆژینەترین ئەزموونە مرۆییەکانیش بن. ڕەنگە هونەر و شیعر، ڕێک بەم هۆکارە بەدی هاتوون، نەک بۆ ئەوەی شتێک ڕوونتر باس بکەن، بەڵکوو بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە ناتوانرێ بوترێن، هەستپێکراوتر بکەن.

****

# ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو



**ن: سەعید ئەمانی**

ڕۆژنامەگەری ئازاد و ڕەخنە گرتن لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بووەتە ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو. چونکە سانسۆڕ و ڕژیمە دیکتاتۆریەکان هەر شتێك کە خۆیان بە مەسڵەحەتی نەزانن ئیزنی بڵاو کردنەوەی پێنادەن. ڕۆژنامەکان لەو وڵاتانەدا بوونەتە ئامرازی پیاهەڵدان و ستایش کردنی دەسەڵات. و بەم هۆیەوە ویژدانی ئاگای ڕۆژنامە نووسی سەربەخۆ و ئازادیخواز بەردەوام لەژێر گوشاری سانسۆر و باری گرانی بەرێچوندا دەهاڕدرێ. بارودۆخی نالەبار و تەگەرە و گیر و گرفتەکانی سەر ڕێگای کار کردنیان سکاڵا و گازندەی ئەم بەشە لە ڕۆژنامە نووسانی بەرز کردۆتەوە و لە زۆر شوێن تەنگ و چەڵەمەی گەلێك جیدی بۆ پێك هێناون کە لە وڵاتانی وەك ئێران، عێراق، ئەفغانستان، فەلەستین، لیبی، سوریە، میسر، عەرەبستان، سودان، سومالی و ئەندونزی لەچاو شوێنەکانی دیکەی دنیا گەلێك بەرچاوترە.

ئەم کێشمەکێش و بەرەوڕوو بوونەوەیە تەنیا تایبەت بە سەردەمی ئێستا نیە، بەڵکو پێشینەیەکی بە درێژایی مێژووی تەمەنی رۆژنامەگەری لەپشت سەرە. سانسۆر و بەرتەسك کردنەوەی ئازادی قەڵەم و بیروڕا دەربڕین، پێ بە پێ و شان بە شانی نووسین و قەڵەم وەشاندن هاتۆتە پێش و بێجگە لە چەند دەورەیەکی کورت، ئەویش سەردەمی گۆڕانکاریە بنەڕتیەکان لەو وڵاتانەی شۆڕش و ئاڵ وگۆڕ تێیاندا ڕوویداوە وەك سەردەمی شۆڕشی مەشروتەخوازی و شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران، و دوای ڕاپەڕینی ٩١ی میلادی، بۆ ماوەیەك لە کوردستانی عێراق و ئاڵوگۆڕی لەم بابەتانە، یان هێندێك جار سەرودەمی هەڵبژاردنەکان لێرە و لەوێ کەمێك فەزاکە دەکرێتەوە، هەرچەند زۆرجار گوشاری زیاتری بۆسەر بواری ڕاگەیاندنی بە دواوە بووە، بە بەردەوامی مەیدانی گەشە و هەڵدانی لە نووسەران و قەڵەم بە دەستان بەرتەسك کردۆتەوە و بەری بە هەوڵەکانیان گرتووە ئەم بەربەستانە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم ڕۆژنامەنووس و نەیهێشتوە ڕۆژنامەنووس بەباشی بتوانێ وڵامی چاوەڕوانیەکانی خوێنەرانی بداتەوە کە ئەویش خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە: ڕۆژنامە نووس پێویستە ڕاست بێژ و پارێزەر و پشتیوانی شێلگیری ئازادی بێت، ڕەخنەگر و دەربڕی ڕاشکاوی دەرد و مەینەتیە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنگیری دیمەکراسی و دادپەروەری بێت ئەم چاوەڕوانیانەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەساسیترین تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەنووس چاونەترسی، ژیری، وشیاری، دوورئەندێشی و خۆڕاگری یە. ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە و ڕاست بێژ، هەواڵنێری ئەو ڕاستیانەیە کە لە دنیای دەور و بەریدا ڕوو دەدەن. بە پێچەوانەی هەندێك لە هاوکارەکانی کە پیاهەڵدەر و ستایشگەری دەسەڵات و سوڵتەن، دەستەمۆی دەسەڵات نابێ. ئەو پارێزەر و پاڵپشتی سەربەخۆییە، و لە ئازادی قەڵەم، ڕادەربڕین، کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکان داکۆکی دەکات. لە ناخی دەروونەوە لەسەر ئەو باوەڕ و قەناعەتەیە کە مرۆڤ ئازاد و سەربەخۆیە و هیچ کەسێك بۆی نییە ئەم ئازادی و سەربەخۆییەی لێ بەرتەسك بکاتەوە و پێشێلی بکات..

دیارە، ئەو ڕۆژنامە نووسانە جێی مەبەست و چاوەڕوانی خەڵك و جوێنەرانی جیدین کە زانیاری و شارەزایی تەواویان لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کەسێکە نەخزیوەتە کونجی خەڵوەتی خۆیەوە و لە پڕۆسەیەکی گەڵاڵە بۆ داڕێژراودا سەری کێشاوەتە گشت کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیەوە و توانایی شیکردنەوە و هەلاجی کردنی پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکانی هەیە و لە هەمان حاڵدا دەتوانێ پرۆژە و ڕێگا چارەش پێشکەش بکات

جیا لەو نووسەر و ڕۆژنامە نووسانەی بە شێوەیەکی بەرین لە ئاستی دنیادا بۆ بەردەوامی ڕۆژنامەکەیان و دوور خستنەوەی پیشەکەیان لە مەترسی دەست درێژی لایەنە دژی ئازادی، کۆنە پەرست و دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان، دەستیان داوەتە خۆ سانسۆری، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامە نووسان بەردەوام ویستویانە ئەرکە پیشەیەکەی خۆیان بەباشی بە ئەنجام بگەیەنن و کارەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خوێنەرانیاندا بێت. بۆیە ئێمە ڕۆژانە شاهیدی دەست و پەنجە نەرم کردنی ئەو ئینسانە خاوەن هەڵوێستانە لەگەڵ ئەو مەترسیانەداین کە هەڕەشە لە ژیان و پیشەکەیان دەکات. دیارە ئەو مەترسیانەش تەنیا لەلایەن دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆریەکانەوە نییە بەڵکو زۆرجار دەکەونە بەر هێرشی گوروپە توندڕەو و تیرۆریستەکانیش. ئێمە ساڵانە شاهیدی کوژرانی بە دەیان و سەدان هەواڵنێر و روژنامە نووس و پێشکەش کارین لە ئاستی دنیادا. بۆ نمونە بەپێی ئامارێکی یۆنسکۆ لە یەکێک لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە ١١٠ هەواڵنێر و پێشکەشکاری تەلەویزیۆنی لە ئاستی دنیادا کوژراون، کە دەرکرێ بڵێین کەم و زۆر ساڵانە بارودۆخەکە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن هەر بەو جۆرەیە.

لەگەڵ ئەوەی دابین کردنی بژێوی ژیان، وەك باقی چین و توێژە کەم داهاتەکانی نێو کۆمەڵ، بە زەقی داوێنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانیشی گرتووە و ئەم گرفتی بەدەست هێنانی بژیوە گەیشتۆتە ئاستێك کە تاقەت و بڕستی لێ چنیون و بەشێکی بەرچاوی لێ ناچار کردوون پێشێلی بەشێکی زۆر لەو بایخ و ئەرزش و بەرپرسیاریانە بکەن کە لە ئەستۆیانە، ژمارەیەکیش قایم و پتەو، بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە بڕیاریان داوە تا ئەتوانن داکۆکیکار و پارێزەری ئەرزش و نرخ و ئەرکە بنەڕەتیەکانی بواری ڕۆژنامەگەری ئازاد بن و نەهێڵن هیچ بڕوبیانوویەکی، وەك پاراستنی بایخ و نەریتە وەهمیە کۆمەڵایەتیەکان!، پاراستنی ئەمنی قەومی و شتی تری لەم بابەتانە بواری چالاکی پیشەکەیان بەر تەسك بکاتەوە. کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵات و ڕۆژنامە نووسان لە ئێران و لە هەرێمی کوردستان، لەم ساڵانەی ئەخیردا دەتوانێ لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی ئەم ململانێیە بێت

****

## له زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چی دەگوزەرێت؟



جگە لە ئەشکەنجەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، هیچ دامەزراوەیەک لە ئێراندا بە ئەندازەی دەسەڵاتی دادوەری و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی نیشاندەری ڕووخساری دزێو و دژە مرۆڤ بوونی ئەم ڕژێمە نین. ئەو ڕاپۆرتانەی لە زیندانەکانەوە بڵاو دەبنەوە نیشانەی کارەساتێکی بە مانای واقعی ووشەیە: هەر لە خراپی خۆراک و نەبوونی ئیمکاناتە سەرەتاییەکانی بێهداشت و تەندروستییەوە بگرە تا پێڕانەگەیشتن بە نەخۆشەکان، قەرەباڵغی زۆر لە شوێنێکی بچووکدا، جیانەکردنەوەی زیندانییە سیاسی و ئاساییەکان، دابەشکردنی مادە هۆشبەرەکان لەلایەن ئەفسەرەکانی زیندانەوە، کە زیاتر منداڵان و لاوان دەکاتە ئامانج، لە ڕەفتاری خراپ لە گەڵ زیندانبانەکان و سووکایەتی بەردەوام پێیان، لە نەبوونی تەلەویزیۆن و کتێبخانە و گەڵێک ئاستەنگ و کێشەی دیکە کە بەردەوام زیندانییەکان لە گەڵی بەرەوڕوون

بەڵام بارودۆخی زیندانییە سیاسییەکانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، لەمەش خراپترە. سەرەڕای زەختی خێزانەکان لە ناوخۆی وڵات و زەختی دامەزراوە مرۆڤدۆستەکانی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵات، کۆماری ئیسلامی هێشتا چەند هەزار زیندانیی سیاسی لە چەند زیندانێکی ئاوادا بە دەستبەسەرکراوی ڕاگرتووە. ڕژێم نەک هەر ئەم فشارانەی پشتگوێ خستووە، بەڵکوو لە بە دەیان چالاکی مەدەنی، کە هەوڵیان داوە دیواری سانسۆر و خەفەقانی ڕژێم بشکێنن، خستونەتە زیندانەوە

سەرەڕای بەڵێنەکانی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە بارەی ناردنەوەی زیندانییە سیاسییەکان بە مۆڵەتەوە، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم، ئەوانیش بە دابینکردنی گەرەنتی قورس، مۆڵەتی چوونەدەرەوە لە زیندانیان پێدراوە. زۆربەیان هێشتا لە زیندان دەژین.

ژمارەیەکی زۆری زیندانییە سیاسییەکان لە بەندی زیندانییە تاوانبارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین و سەرنجێک نەدراوە بە داواکارییە بەردەوامەکەیان سەبارەت بە جێبەجێکردنی بنەمای جیاکردنەوەی تاوانەکان

بەبێ گومان جەماوەری خەباتکاری ئێران، منداڵەکانی خۆی لە زیندانەکانی ڕژێمی ئیسلامیدا بە تەنها ناهێڵێتەوە. ئەم جارە دەرگاکانی زیندانەکان بە هەوڵ و تێکۆشان لە دەرەوەی زیندانەکان دەشکێنرێن. زیندانییە سیاسییەکان دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی پڕ خۆشەویستی خێزانەکانیان و ئەو زیندانییە تاوانە ئاساییانەش کە پەروەندەکانیان لە دەستگای دادوەری گەندەڵی کۆماری ئیسلامیدا هەڵپەسێردراوە، بە سوودمەندبوون لە بەرزترین ئاستی دادپەروەری و یەکسانی و مرۆڤایەتی، پێداچوونەویان پێدا دەکرێت

****

## کۆماری ئیسلامی و ژینگە



لەماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ژینگەی ئێران، گەورەترین و قەرەبوونەکراوەترین خەسارەکانی بەرکەوتووە. ئەم ڕژێمە نە تەنیا ژیانی ئەمرۆی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێرانی بەفیرۆ داوە و نەتەنیا ئێرانی کردووەتە زیندانێکی گەورە بۆ دانیشتووانەکەی، بەڵکوو بووەتە هۆکاری لەناوبردنی ژینگەی نەوەکانی داهاتووی ئەم وڵاتەش. لە دەورانی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمەدا بەهۆی کاری نەزانانە و سیاسەتی قازانجپەرستانە و کردەوەی نابەرپرسانە، کۆگا ئاوییەکانی ژێر زەوی، بەتاڵ بوون و دەریاچە و تالاوەکان ویشک بوون. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بەرینایی دارستانەکانی ئێران، بەهۆی ئاگرکەوتنەوەی بە ئەنقەست و نەزانستە و یان بەهۆی دروستکردنی باڵاخانە و سەیرانگە لە لایەن خاوەنانی سەروەت و دەسەڵات و هەروەها سازکردنی خانووبەرە، گەیشتۆتە نیوە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، ٩٠ لەسەدی ئاژەل و پەلەوەرە کێوییەکانی ئێران لەناوچوون. بەهۆی چالاکیی قازانجپەرستانە، ئێران لە بواری پەرەسەندنی بیابان و لەناوچوونی خاکەوە، پلەی یەکەمی جیهانی پێدراوە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ساڵانە ٢٨ هەزار کەس لە خەڵکی ئێران بەهۆی نەخۆشییەکانی پەیوەندیدار بە پیسبوونی هەواوە، گیانیان لەدەست دەدەن

ئەگەر تەنیا بەشێك لەو میلیاردها دۆلارەی کە هەموو ساڵێک دەکرێتە خەرجی پڕۆژەی ناپێویستی مووشەکی و ئەتۆمی و بەهێزکردنی هێزی سەرکوتی خەڵك و دەکرێتە هەزینەی دەست تێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە و یان هەزینەی ناوەند و دامەزراوەکانی پەرەپێدەری دواکەوتوویی و خوڕافات، کەوتبایەتە خزمەت پێشگرتن لە لەناوچوونی خاك و پاراستنی دارستانەکان و ڕێگری لە پیسبوونی هەوای شارەکان، ڕەنگبێ هیچکات شایەدی وەها کارەساتگەلێکی ژینگەیی نەبوایەین. کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ هەوڵێک نادات بۆ زیندووکردنەوەی دارستانەکان، بەڵکوو دەست لەناو دەستی سەرمایەدارە قازانجپەرستەکان، بە وێران کردنی ژینگە، بارودۆخەکە لەوەیکە هەیە بەردەوام خراپتر دەکات. دەوڵەتێك کە خاوەنی یەکێك لە بەهێزترین ماشێنە جەنگیەکانی ناوچەکەیە و پتر لە یەك ملیۆن هێزی ڕێکخراوی نیزامیی هەیە، دەیتوانی زۆر بە ئاسانی هەر چەشنە ئا گر کە و تنە و ە یە کی لەناکاو لە دارستانەکانی ئێران خامۆش کات. بابەتی ژینگە تەنیا نموونەیەکە لە تاوانە ئاشکراکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە سەرجەم کۆمەڵگای ئێران و ژیانی ئەمرۆی مرۆڤەکان و نەسڵەکانی داهاتوویان. بێ گومان، بەبێ هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ئەم ڕژیمە، هیوای گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و ژینگەیەکی تەندروست بێ مانایە

****

# داخوازی یەگرتووانە و مانگرتنی هاوکات، ڕەمزی بەرەوپێشچونی بزووتنەوەی کرێکاری



ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و نارەزایەتیی کرێکاری لە ئێران هەروها بەردەوامە. ڕۆژ نییە کە هەواڵێك سەبارەت بە نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری نەبیستین. سەرەڕای ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا شایەتی مانگرتنی بەربڵاوی شۆفیرا کامیونەکان بووین، هاوکات مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕین لە چەندین ناوەندی کرێکاری دیکەش بەردەوامە

بەڵام مانگرتن و نارەزایەتیی کرێکاری لە ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان سەرەڕای بەرین بوونیان، بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتیی سەربەخۆ لە دەوڵەت، زۆربەی جار بە بێ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ئەنجام دەدرێت و هاوکات و یەکپارچە و سەرتاسەری نین. لە ئێستادا، تێپەڕبوون لەم باروودۆخە و زاڵبوون بەسەر پەرش و بڵاوی خەباتی کرێکاران، بووەتە یەکێك لە خاڵە هەستیارەکانی بزووتنەوەی کرێکاری. لە باروودۆخی نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەریی کرێکاری و لە حاڵێکدا کە سەرمایەداران و دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ئامراز و تاکتیکی جۆراوجۆر بۆ ناکۆکینانەوە و چەند پارچەکردنی خەباتی کرێکاران کەڵك وەردەگرن، بە ئامانجی یەکگرتن و سەرتاسەری کردنەوەی خەباتی کرێکاران، پێویستە بەرەو دوو ئاراستەی سەرەکی هەنگاو هەڵبگیرێت. یەکەم، پێویستە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری لە ناوەندە پیشەیی و خزمەتگوزارییە گەورەکان کە لە جەرەیانی خەباتی ئێستادا بوونەتە کەسایەتیی جێگای متمانەی کرێکاران، پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتر هەبێت. دووهەم، هەڵسووڕاوانی کرێکاری پێویستە هەوڵ بدەن تا کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکان، بە خواست و دروشمی یەکدەست و خەباتکارانە، لێك نزیك بکەنەوە. هەبوونی پەیوەندی لە نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە کارخانە و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، دەتوانێ بەشێك لە بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەریی کرێکاری پڕبکاتەوە. ڕێکەوتنی کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ناوەندە پیشەییەکان لەسەر خواست و دروشمی یەکدەست، هەنگاوێکی گرینگە لە پێناو پێکهێنانی یەکگرتوویی خەباتکارانە. هەر ئەم سادەترین شێوەیە لە یەکگرتوویی لە ڕێگەی خواستی هاوبەش و دروشمی یەکگرتووانەوە، ئەو ئیمکانە بە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری دەدات کە ورەی هاوپشتی و وشیاریی چینایەتی، ڕێکخراوبوون و متمانەبەخۆیی و باوەڕ بە هێزی چینی کرێکار، لەناو کرێکاراندا بەرز بکەنەوە

بۆ نموونە، لە ئێستادا کە هەموو کرێکاران لەگەڵ کێشەی حەقدەستی چەند قات خوارتر لە هێڵی هەژاری، نەدرانی حەقدەستەکان لە کاتی خۆیدا و دەرکردن و بێکار کردنی بەرین و بەهرەمەند نەبوون لە بیمەی دەرمانی و کۆمەڵایەتی بەرەوڕوون، ئەگەر بتوانین لەم بوارەدا دروشمەکان یەک بخەین، ئەگەر بکرێ خواستی بردنەسەرەوەی حەقدەستەکان بە پێی هەڵاوسانی واقعی و دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی و خواستی بیمەی بێکاری بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەرکردن، ببەینە ناو کرێکارانەوە، ئەوکات نارەزایەتیی لە هەر کارخانەیەك لەسەر ئەم خواستانە دەتوانێ بە شێوەی خواستێکی گشتی و چینایەتی بێتە گۆڕێ و گشت کرێکاران بانگەشەی دەخاڵەت لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەم خەباتە بکات و بیانهێنێتە مەیدان. ئەمە هەنگاوێکی سەرەکییە لە پێناو یەکگرتوویی خەباتی کرێکاران دێتە ئەژمار و دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەم دروشمە یەکدەستانە، هێزی پەرشوبڵاوی کرێکاران کە هەرکامیان لە چوارچێوەی کارخانەیەکدا بۆ خەباتی تایبەت بەم ناوەندانە و بۆ خواستی جۆراوجۆر خراونەتە گەڕ، لە پێناو خواستی گشتیی چینی کرێکار، وەحەرەکەت بخەین. یان لە باروودۆخی ئێستادا، بە لە بەرچاوگرتنی بێکاریی ملیۆنی، بەستێنی وەڕێخستنی حەرەکەتێکی ڕێکخراوی کرێکاری، دژبە بێکاری و بۆ دابینکردنی بیمەی بێکاری، بوونی هەیە و لەناو کۆمەڵگادا جێکەوتووە. بێ گومان، هەمووی ئەوانە دەتوانن تەوەری هاوکاریی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بن کرێکارانی سۆسیالیست بە بەشداریی چالاکانەیان لە بزووتنەوەیەی داواکاری تەوەری ئێستای کرێکاران و لەو کێشمەکێشە چینایەتیانەی کە بەردەوام لە ئارادان، دەتوانن جەماوەری کرێکار بەو بۆچوونەوە ڕابێنن کە تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون لەو هەمووە هەژاری و بەدبەختی و مەترسییە گیانییە، نەك لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی زاڵدا، بەڵکوو لە ئاراستەی ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەدا ببینن. ئەم وشیاری و گڕوتینە شۆڕشگێڕانەیە، کە ئەم ماوەیە لە مانگرتنی شۆفیر کامیونەکاندا شایەتی بووین، پێویستە بڕواتە ناو کرێکارانی هەموو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری. پێویستە بەردەوام بۆ پێکهێنانی کۆمیتە نهێنیەکانی مانگرتن، کۆمیتەکانی کارخانە و خوڵقاندنی بەستێنەکانی ڕێکخستنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکان، هەوڵ بدەین

****

# بارو دۆخی دژە ئینسانی کرێکارانی ئەفغانستانی لە ئێران




کرێکارانی ئەفغانستانی لە ئێران بە کەمترین حەقدەست لە دژواترین کارەکانی وەك بیناسازی، کورەپەزخانەکان، مۆرغدارییەکان، گاوداریەکان و هەروەها ئەو کارانەی کە لەگەڵ مەوادی مەترسیدار و غەیرە بێهداشتی سەروکاریان هەیە، سەرقاڵی کارکردنن. پێویستی سەرمایەداران بە کاری هەرزان و کرێکارانی بێبەش لە هەر چەشنە مافێکی یاسایی، بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی ڕابردوودا کرێکارانی ئەفغانستانی لە ئێران تەحەمول بکات. بەڵام ئەم ڕژیمە لە حاڵێکدا کە بە توندی ئەوان دەچەوسێنێتەوە، لەم کرێکارانە لە هەلومەرجی ئاساییدا وەك ئامرازێکی سیاسی بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی خۆی کەڵك وەردەگرێت و لە کاتی شەڕدا وەکوو گۆشتی دەمی تۆپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون و لە هەمان حاڵدا لە بودجەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە بیانووی پەنادان بەم پەنابەرانە کەڵك وەردەگرێت

سەرمایەدارانی ئێران لە هەمان حاڵدا بە دامەزراندنی کرێکارانی ئەفغانستانی لە کارە دژوار و تاقەت پڕوکێنەکان و نەدانی حەقدەستەکانی ئەوان، دوبەرەکێ دەخەنە ناو کرێکارانی ئێرانی و ئەفغانستانییەوە. ئەوان بە کەڵك وەرگرتن لە ڕاگەیەنەرەکان و ناوەندەکانی وەك "خانەی کارگەر"، کرێکارانی ئەفغانستانی وەك هۆکاری بێکاری و لە خوارەوە بوونی حەقدەستەکانی کرێکارانی ئێرانی لە قەڵەم دەدەن و تەنانەت زۆربوونی تاوانەکان لە ئێرانیش دەخەنە ئەستۆی کرێکارانی ئەفغانستانییەوە. سەرانی ڕژیم لە هەمان حاڵدا کە وەکوو ئامرازێك لە کرێکارانی ئەفغانستانی کەڵك وەردەگرن، لە هەمان حاڵیشدا ئەوان بە سەرچاوەی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتی و نەهامەتیانە دەناسێنن کە خۆیان لە پەرەسەندنیدا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. ئەوان دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە ئەگەر کرێکارانی ئەفغانستانی دەربکرێن دەوڵەت دەتوانێت ساڵانە یەك ملیۆن پیشە دابین بکات. ئەوان بە تایبەت ئەو کرێکارانەی کە مۆڵەتی مانەوەیان نییە زۆرتر دەچەوسێننەوە. بنەماڵەکانی ئەم کرێکارانە لە بێهداشت و دەرمان و منداڵەکانیانیشان لە مافی خوێندن بێ بەشن. کاربەدەستانی ڕژیم هەروەها بەو منالانەی کە دایکیان ئێرانی و باوکیان ئەفغانستانییە شناسنامە نادەن. ئەو کرێکارانەش کە مۆڵەتی مانەوەیان هەیە تەنیا ئیزنی ئەوەیان هەیە کە بە دانی بەرتیل بچنە ئەو ناوچانەی کە بۆیان دیاریکراوە. ئەگەر کرێکارێك کە مۆڵەتی مانەوەی هەیە لەو ناوچەیەی کە بۆی دیاریکراوە بێکار بکرێت و بچێتە ناوچەیەکی دیکە، منداڵەکانی لە مەدرەسەکانی ناوچە نوێیەکەدا وەرناگیرێن و خۆشیان دەستگیر دەکرێن. ژمارەیەك لەو کرێکارانەی کە بۆ ناوچە قەدەغە کراوەکان ڕۆیشتوون کاتێك کە خاوەنکار هیچ پێویستییەکی پێیان نەماوە و ویستوویەتی لە دانی مافەکانیان خۆبپارێزێت، بووتە هۆی دەست بەسەرکران و دەکرانی ئەو کرێکارە بەڵام هەلومەرجی ژیانی منالانی بنەماڵەی پەنابەرانی ئەفغانستانی لە هەناوی هەژاری و فەلاکەتی بنەماڵەکانیاندا دڵتەزێنتریشە

نزیکەی ٤٠٠ هەزار منداڵی خەڵکی ئەفغانستان کە دانیشتووی ئێرانن لە بەردەم مەترسی گیرۆدەبوون بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دان. زۆربەی ئەم منداڵانە تووشی نەخۆشینی جۆراوجۆر هاتوون و لە بەردەم مەترسی دەستدرێژیدان کە هیچ کات لە هیچ شوێنێك باس ناکرێت. تەنانەت لەم بوارەشدا هیچ جۆرە ئامارێك لە پێوەند لەگەڵ ڕێژەی گیرۆدە بوونی ئەم منداڵانە بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو ناکرێنەوە. ئەوان لە ئیمکاناتی خوێندن و بێهداشت بێبەش کراون و ڕۆژانە لە نێو شارەکاندا خەریکی فاڵ گرتنەوە و کارگەلێکی لەم چەشنەن یان خەریکی کارکردن لە هەلومەرجی دژوار لە کارگاکاندان و لە لانیکەمی ئیمکانات و مافەکانیان بێ بەشن

بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو سیاسەتی دژی ئینسانی و سەرکوتگەرانەی ڕژیم بە تایبەت پڕوپاگەندەی ژەهراوی لە دژی خەڵکی ئاوارە و پەنابەرانی شەریف و بێبەشکراوی ئەفغانستانی، بووەتە هۆی سەپاندنی بارودۆخێکی دژوار و چارەڕەشی زۆرتر بە سەر ئەواندا. بە ملیۆنها ئینسان زیاتر لە ٣ دەیەیە کە بە هۆی هەلومەرجی مەینەتبار و شەڕلێدراوی و وێرانی بەربڵاو لە ڕووی ناچارییەوە ئەفغانستانیان بەجێهێشتووە و لە ئێرانیش بە وەحشیانەترین شێوە دەکەونە بەر سەرکوت و سوکایەتی پێکردنی ئاشکرا لە لایەن حکوومەتەوە. سیاسەتی دژی ئینسانی ڕژیمی ئیسلامی و بەرتەسککردنەوەی داخوازییەکانی پەنابەرانی ئەفغانستانی لە بوارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە، دۆزینەوەی کار، مافی خوێندن، مافی نیشتەجێبوون و بەشداربوون لە لانیکەمی ئیمکاناتی ژیان لە پاڵ پەسەندکردنی یاساگەلێکی وەك قەدەغەکردنی کار، بێبەش بوون لە خوێندن و پێکهێنانی خانەوادە و مافی نیشتەجێبوون، ژیانی زیاتر لە ٣ ملیۆن ئینسانی کە ١ ملیۆن کەسیان منالن خستووتە دژوارترین هەلومەرجەوە. ڕژیمی ئیسلامی و یاسا دژە ئینسانییەکانی ئەم ڕژیمە هۆکاری سەرەکی ئەو ستەم و ئازارانەیە کە لە دژی پەنابەرانی ئەفغانستانی بەڕێوەدەچێت،

کرێکارانی پێشڕەو لە ئێران بەردەوام وەحشیگەری بورژوازی و ڕژیمی ئیسلامی لە دژی کرێکاران و پەنابەرانی ئەفغانستانیان بە توندی داوتە بەر ڕەخنە و لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی سەرمایەدا، پشتیوانیان لێکردون. کرێکاران و پەنابەرانی ئاوارەی ئەفغانستانی شایستەی زۆرترین پشتیوانی لە لایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخۆازی خوازی ئێرانن

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 462-June2025
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# مردن و برسێتی لە غەزە، یارمەتییە خۆراکییەکان بوونەتە «تەڵەی مەرگ»

دوای تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئیسرائیل بەرەو خەڵکی مەدەنی کە لە نزیک ناوەندەکانی دابەشکردنی خۆراک لە باشووری غەزە لانیکەم ٨٠ فەلەستینی کوژران و سەدان کەسی تریش برینداربوون. ڕاپۆرتەکان دەڵێن ئەم هێرشە دڕندانەیە لە دەوروبەری ناوەندەکانی دابەشکردنی یارمەتییە خۆراکییەکانی «بنکەی مرۆڤدۆستی غەزە ڕوویداوە کە بە پشتگیری دەوڵەتی ئەمریکا و بە پاڵپشتی سوپای ئیسرائیل کاردەکات

ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ کەس کوژران و زیاتر لە ١٧٠ کەس برینداربوون. ڕۆژی سێشەممەش لانیکەم ٢٧ فەلەستینی بە تەقەی سەربازەکانی ئیسرائیل گیانیان لەدەستدا. سەرچاوەکانی نەخۆشخانە دەڵێن زۆرێک لە برینداران ژن و منداڵ بوون و زۆربەی قوربانییەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆ گیانیان لەدەستداوە. بنکەی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەم ڕووداوەی وەک کوشندەترین ڕووداوی تۆمارکراو لە کاتی دامەزراندنی نەخۆشخانە مەیدانییەکەی لە ڕەفەح وەسف کرد

سوپای ئیسرائیل ڕێگاکانی گەیشتن بە ناوەندەکانی دابەشکردنی وەک «ناوچەی شەڕی سەربازی» ڕاگەیاند و ئاگاداری هاوڵاتیانی کردووە کە لە تێپەڕین لەم ڕێگانە خۆ بپارێزن.

شایەتحاڵان باسیان لە دیمەنە ترسناکەکانی گۆڕەپانی ئاڵای ڕەفەح کردووە. ناوچەیەک کە نزیکەی یەک کیلۆمەتر لە ناوەندی دابەشکردن دوورە. ئەوان دەڵێن دەنگی تەقە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیل، تانک و فرۆکە بێفرۆکەوانەکانەوە لە کاتژمێرەکانی سەرەتای بەیانییەوە دەبیسترا و تەرمی کوژراوەکان، بەتایبەت گەنجەکان، لە گۆشە و کەنارەکانی شەقامدا بەجێمابوون

فۆلکەر تورک، کۆمیساری بەرزی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێرشکردن بۆ سەر ئەو مەدەنیانەی کە هەوڵی وەرگرتنی یارمەتی دەدەن وەک تاوانی جەنگی وەسف کرد. قسەکەری سەرۆکی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە بەیاننامەیەکدا وتی: «ئەمە کارەساتێکە. مەدەنییەکان بۆ زیندووماندنەوە، گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.»

«بنکەی مرۆڤدۆستی غەزە» کە وەک جێگرەوەی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە سونەتییەکان دیاریکراوە، بەتوندی بووەتە ئامانجی ڕەخنەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان. پسپۆڕان دەڵێن مۆدێلی نوێی دابەشکردن کە تەنها لە سێ ناوەند لەژێر کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکاندا ئەنجام دەدرێت، پێشێلکردنی ئاشکرای بنەما مرۆڤییەکانە و ئیسرائیل بەوە تاوانبار دەکات کە خۆراک دەکاتە ئامێری فشار دژ بە خەڵکی غەزە. هەر بەستەیەکی دابەشکردن تەنها خۆراکی ٣ بۆ ٤ ڕۆژی خێزانێکی پێنج کەسی دابین دەکات، لە کاتێکدا پێداویستییەکان لەوە زۆر زیاترە

بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس لە غەزە لە گەڵ قاتوقڕی تەواو بەرەوڕوون. گەمارۆی خۆراکی ئیسرائیل کە لە مانگی مارسەوە دەستی پێکردبوو، تەنها لە کۆتایی مانگی مەیدا بە شێوەیەکی سنووردار هەڵگیرا و تاکو ئێستا تەنها بڕێکی کەم یارمەتی گەیشتووەتە ناوچەکە

لە کاتێکدا ئیسرائیل ئیدیعا دەکات کە تەنها تەقەیان بە وتەی ئەوان لە «کەسانی گومانلێکراو» کردووە، بەڵگەکان، قسەکانی شایەتەکان و ئاماری بەرزی قوربانیانی مەدەنی، دەریدەخەن کە یارمەتییە خۆراکییەکان لە غەززە لە جیاتی ئەوەی هیوابەخش بن، بوونەتە تەڵەی مەرگ. خەڵکی غەزە هێشتا لە نێوان برسێتی و گوللەدا گیریان خواردووە

سوپای ئیسرائیل ڕۆژی سێشەممە ئاگاداری دانیشتووانی پشتی غەززەی کرد کە ڕۆژی چوارشەممە لە چوونە ناوەندەکانی دابەشکردنی یارمەتییەکانی «بنکەی مرۆڤدۆستی غەززە» خۆ بپارێزن

لە هەمان کاتدا، قسەکەری «بنکەی مرۆڤدۆستی غەززە» کە بە پشتگیری ئەمریکا کار دەکات، ڕاگەیاند کە ئەم دامەزراوەیە ڕۆژی چوارشەممە هیچ یارمەتییەک دابەش ناکات. ئەم دامەزراوەیە لە چوار خاڵی غەززە یارمەتی مرۆڤی دابین دەکرد. ئەمەش دوای ئەوەی ئیسرائیل لەژێر فشارەکانی نێودەوڵەتیدا، بەشێک لە گەمارۆی سێ مانگەی غەزەی کەمکردەوە

لەگەڵ ئەوەشدا، شێوازەکانی جێبەجێکردنی ئەم دامەزراوەیە بووەتە ئامانجی ڕەخنەی بەربڵاوی نێودەوڵەتی. ڕەخنەگران دەڵێن شێوازەکانی ئەم دامەزراوەیە لە کۆتاییدا دەتوانێت ببێتە هۆی کۆچی زۆرەملێی فەلەستینییەکان. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەم ڕێکخراوەیەش مانگی پێشوو دەستی لەکار کێشایەوە و هۆکاری ئەوەی بە «نەبوونی سەربەخۆیی و بێلایەنی» ناوبرد

****

دواستون

# حەیای بێحەیایی جەهل و جەهەنم

ن: سەلام قادری

ئەم ڕۆژانە گاڵتەجاڕێک لە ئێران هاتە ئاراوە کە پێکهێنانی ماکێتێک بوو لە جەهەنم لە شاری فومەن، بەڵام ئەوەی ئەم ئایرۆنییە(گاڵتەجارە) ی سازکردبوو تەنیا ئەوە نەبوو کە کەسانێکی دواکەوتوو بیرێکی کۆنەپەرستانەیان بە کردەوە دەرهێناوە، زیاتر لەوەیش ئەوە بوو کە ماکێتێکی بچووکی ئاگرینیان لە دڵی جەهەنمێکی گەورەتردا کە جەهەنمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە سازکردووە، جەهەنمێک کە ئێرانی کردووە بە نمونەیەک کە کۆی هەموو ئەو دیاردە دزێو و کارەساتبارانەی کە لە گۆشە و کەناری ئێران دەبیندرێن هەر هەمووی بەیەکجاری تێدایە

ئاخر یەکێک نییە بڵێ جەهەنمێکی کە ئێوە لە ئازاربەخشی و ترسناکیدا وێناتان کردووە بە چەند قات لەم جەهەنمی جەهلە چەند ئاقارەتان کە لە دنیای واقیعدا خوڵقاندووتانە لە دواترە، یەکێک لەو جەهنمەی خەیاڵیان نییە کە لەوێ دانیشتوانی بەگڕ کەوتووی جەهەنم بەوە بترسێنێ کە دەتانگەڕێنینەوە بۆ جەهەنمی ویلایەت

تۆ بڵێی لەو جەهەنمە خەیاڵییەی ئایینیەکاندا قەیرانی ئاو و بێکاری، هەڵوەشانی بنەماکانی ئەخلاقێکی ئینسانی، توندوتیژی دژی ژنان، گۆڕخەوی، لەشفرۆشی، نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی، دابەزینی تەمەنی تاوان و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، دزسالاری و بە دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتی تر بوونی هەبێ، تۆ بڵێی خاوەرانەکان و زەنجانییەکان و سەدیقیە ناسادقەکانی جەهەنمیش بەهەزاران دۆنم لەو جەهەنمە خەیاڵییەیان هەڵلوشن و بەقەلی فارسی دەڵێ (پەرداخێک ئاویشی بەسەردا بکەن)؟

تۆ بڵێی ئەوحەیایەی کە لەو جەهەنمە خەیاڵییەیاندا هەست بە بوونی دەکەن بەقەدەر ئەم حەیایەی لە سەر عەرد هەیانە، بێحەیا بێت؟

تۆ بڵێی ژنە برسی و هەژارەکانی ئەو جەهەنمەی ئەوێش بچن بۆ جەهەنمەکانی دراوسێ بۆ لەشفرۆشی و بە بێپەنایی و ئاسەوارەکانی هەژاری و بێدەرەتانیانەوە بتلێنەوە؟

ئەم ڕۆژانە و بە دیاریکراویی جەنایەتێکی تر کە لە دەست و مەچەکی نێرسالاری و ئاپارتایدی ڕەگەزی قەومییەوە بەرۆکی بە کۆمەڵگای ئێران گرتووە، زەین و ویژدانی زۆرینەی دانیشتوانی ئێرانی بە خۆیەوە خەریک کردووە. ڕۆژی چواری جۆزەردان ئیلاهە قاسم نەژاد ژنێکی گەنجی ئێرانی کە لە مەیدانی ئازادییەوە بۆ شاری قائم شار چووبوو دیار نەما، دوای چەن ڕۆژ بێخەبەری، پۆلیسی ئیسلامی ڕای گشتی ئاگادار کردەوە کە بکوژەکە دۆزراوەتەوە و ئەم تاوانبارە دانی بەتاوانەکەیدا ناوە و دەدرێتە دادگا بە تاوانی کوشتنی ژنێک لە کاتێکدا بۆ بەدەستەوەنەدانی مۆبایلە گرانەکەی تەسلیم نەبووە و کوژراوە. ئەوەی کە ئەم پاکانەیەی پۆلیس نەیتوانیوە شەپۆلی تووڕەیی و نارەزایەتی خەڵک دابمرکێنێ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەکوو دەڵێن ئەمە لە ئاسمانێکی بێهەوردا نەقەوماوە بەڵکوو درێژەی ئەو زنجیرە تاوانەیە کە پۆلیس و یاسا و فەرهەنگی دژە ژنی حاکم دەیقومێنێ و هەرجارە و تاوانەکە لە سەردەستی نێرێکی ناو بنەماڵە، یان ناو کۆمەڵگا و دەزگا حکومییەکان دەقەومێ.

هەروەها ئەو جەهەنمەی کە جەهلی حاکم سازی کردووە و ژنان و پیاوانی پێشڕەو لە شۆڕشی ژینادا بەگژیدا چوونەوە و گڕ و تینیان لێسەندوە بەڵام بە داخەوە ئیستەش سکڵی لێدەکەوێتەوە و کارەسات دێنێتە بوون، ئەمەش ئەو پەیامەی پێیە کە ئەگەرچی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی گورزێکی گەورەی لە سیستمی سەرمایەداری و پیاوسالاری حاکم داوە بەڵام ئەم جەهل و جەهەنمەی حاکم هێشتا بەردەوامە و ئەوەی کە دەتوانێ ببێتە خاڵی کۆتایی، ئەم زنجیرەی جەهل و جەنایەتە، تەنیا سەرهەڵدانەوە و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەیە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکە کە ژنان کەرامەتیان بۆ بگەڕێتەوە و ژیانێکی بەختەوەر حەیا و حورمەت و سنووری کەرامەتی ئینسان بێت، نەوەک حەیای بێحەیای ژنکوژی، هەژاری و گەندەڵی حاکم

****